# به دواداچوونی گوڵان سەبارەت بەدیاردەی گەندەڵی حکوومەتی عێراق


- لە بەسرە هەر بنەماڵەیەک دەوڵەتێکی بچووکەو نەوت دەفرۆشێت
- نوسینگەی سەرۆک وەزیران بەرگری لەو کەسانە دەکات کە بڕوانامەی ساختەیان هەیە
- لە وەزارەتی بازرگانی عەمولە لەسەر گرێبەستەکان وەرگیراوە
- وەزارەتی بەرگری بێ پرسی سەرۆکایەتی ئەرکان بەهای٨٢ ملیۆن دۆلار هاوەنی کڕیوە
- سووتانی بانکی مەرکەزی بە ئەنقەست بووە، تەنیا دیکۆمێنتەکان سووتاوە

**عێراق دووەمین گەورە دەوڵەتی خاوەن یەدەگی نەوتە، دوومین دەوڵەتی گەندەڵیشە لە جیهاندا**

کە باســی گەندەڵی لە عێراقدا دەکرێت، واتە گەندەڵی بە مانای وشــە و بە هەموو بوارەکانیەوە عێراقــی گرتۆتەوەو حکومەتی عێراقی دووچاری شەلەل کردووە کە زۆر زەحمەتە بە ئاسانی لێی رزگاربێت.

لەم راپۆرتەدا پەنا دەبەینە بەر زمانی ئامارو ژمارەو ئەم ئامارانە پێمان دەڵێن:

١. ٪٨٣ی عێراق ئاوی خواردنەوەی پاکی نیە
٢. ٪٦٣ی عێراق ئاوەڕۆی نیە
٣. ٪٨٥ی کارەبا نیە
٤. لەساڵی ٢٠٠٣ داهاتی تاکەکەس ٢٥٥ دۆلار بووەو ئێستا لە ١٤٤ دۆلار کەمترە
٥. لــە ١٠٠ هەزار کەس رۆژانە لە عێراق ١٩٣ کەس دەمرن ، ئەمە بەبەراورد لەگەڵ سعودیە ٢٣ کەس دەمرن.
٦. ٪٢٥ منالآنی عێراق لە حاڵەتی کەم خۆراکی درێژخایەندان





٧. زیاتر لە ١٠٠ مامۆستای زانکۆ کوژراون و بە هەزارانیش زانکۆکانی عێراقیان بەجێ هێشتووە.
٨. ٨٤٪ دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا تاڵانکراون.
٩. پیرۆژەکانی بونیادنەوە زۆر خاون هەتا ئێستا ٤٠٪ی بواری خوێندنی باڵای گرتۆتەوە ، لەسەر ئاستەکانی تریش هەر زۆر نزمە.
١٠. لە تەمەنی ١٥-٢٤ لە ٢٦٪ یان نەخوێندەوران.
ئەم ئامارانە پێمان دەڵێن کە حکوومەتی عێراق لە حاڵەتێکدایە سەرتاپا نوقمی گەندەڵی بووەو زۆر زەحمەتیشە بتوانرێت ئەم گەندەڵیە بە ئاسانی چێبەجێ بکرێت.

## لە ساڵی ٢٠٠٤ بڕی ١٨ ملیار دۆلار گەندەڵی لە حکوومەتی عێراقدا هەبووە

کێشەی گەندەڵی ئیداری و دارایی لە حکوومەتی عێراقدا سەرچاوەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم دیاردەیە هێزێکی گەورەی لە پێشەوەیەو هەر لەیەکەم ساڵی دوای ڕووخانی ڕژێمەوە، ئەم دیاردە کوشندەیە لە لێژنەکانی کڕین و گرێبەستەکانی کڕینی خۆراك و دەرمان و پێداویستیەکانی دیکەو گرێبەستەکانی بونیادنانەوە دەستی پێکردووە و هەموو ئەمە پاڵپشتێکی گەورەیان لە پێشەوە بووە، هەر بۆیە تەنها لە ساڵی ٢٠٠٤ ، بڕی ١٨ ملیار دۆلار کە بەرامبەر سێ تا چوار بەشە داهاتی هەرێمی کوردستانە لە بوودجەی گشتی عێراق دیار نەماوەو بزربووە.
ئەم دیاردەیە خاڵێکی گرنگ پشت ڕاستی دەکاتەوە کە ئەویش بریتیە لە:
١. ئامادەنەبوونی وەزارەتی دارایی عێراق بۆ تەسفیەی حساباتی ساڵانی ٢٠٠٤و٢٠٠٥و٢٠٠٦و٢٠٠٧ بۆ پەرلەمانی عێراق
٢. سووتاندنی بانکی مەرکەزی عێراق بۆ ئەوەی ئەو دیکۆمێنتە گرنگانە بفەوتێن کە دەبنە شاهێد بەسەر ئەو گەندەڵیە گەورەیەوە.

## عێراق گەندەڵەیەکی کاولکەر

ڕاپۆرتی شەفافیەتی نێو دوڵەتی کە دەوڵەتان بە پێی ئاستی ڕێژەی گەندەڵی پۆلێنی کردووەو ژمارەیان ١٨٠ پلەیە بە فنلەنداو دانیمارك و نویزلەندا وەك ئەو دەوڵەتانەی کەمترین ڕێژەی گەندەڵیان هەیە بە عێراق و هایتی و میلنمار کۆتایی دێت.
کە بەرزترین ئاستی گەندەڵیان هەیە، لەم نەخشەیەدا کە عێراق پلەی ١٧٨ ریز بەندکراوە بێجگە لە هایتی ملینمار هیچ دەوڵەتێکی دیکەی لە دواوە نییە.
ئەو گەندەڵیەی لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەی پێکراوە بریتیە لە:
١. گەندەڵی ئیداری
٢. گەندەڵی دارایی
٣. بەرتیل و خراپ بەکارهێنانی پلەی وەزیفی

## بە پێی ڕاپۆرتی چاودێری گشتی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٨ عێراق بڕی ١٥ ملیار دۆلار داهاتی نەوتی زیاد دەکات

بە پێی ڕاپۆرتێکی حکوومەتی ئەمەریکا کە تێیدا هاتووە ((لەبەر ئەوەی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا بەرزە، مەزندە دەکرێت عێراق لە فرۆشتنی نەوت بۆ ساڵی ٢٠٠٨ بڕی ١٥ ملیار دۆلار داهاتەکەی زیاد بکات و دەکرێت ئەم ١٥ ملیار دۆلارە بخرێتە گەڕ بۆ خێراکردنی پرۆسەی بونیادنانەوە لە عێراقدا، بەڵام چاودێری گشتی ئەمەریکا (ستیوارت بوین) مەترسی لەوە هەیە کە ئەم داهاتە زیادیە بگاتە دەستی عێراقیەکان و لە پرۆژەی بونیادنانەوەدا خەرج بکرێت، هەر بۆیە هەر لە ئێستاوە داوا دەکات کە هەوڵی زیاتر بخرێتە گەڕ بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی سەرفکردنی ئەو داهاتە بزانرێت و ڕێگە لەوە بگرێت کە گەندەڵی خۆی بخزێنێتە ئەم ئاراستەیەوە.
داهاتی عێراق کە لە ٨٤٪ ی پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت لەو ڕێژە نەوتە دەست دەکەوێت کە ڕۆژانە دەنێردرێتە دەرەوە بە ٢,٣٨ملیۆن بەرمیل نەوت ڕۆژانە مەزندە کراوە کە ئەمەش لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا بەردەوام ئەم ڕێژەیە نێردراوەتە دەرەوە بەرزترین ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراقە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراقەوە.

## حکوومەتی عێراق پشتگیری گەندەڵکارانەو دژی قەڵاچۆکردنی گەندەڵیە

لە عێراقدا هەوڵەکان یاخود دامەزراندنی لێژنەو دەستە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی کەم نین، هەروەها لە هەموو وەزارەتیشدا پشکێنەرێکی گشتی دانراوە بۆ ئەوەی چاودێری گەندەڵی بکات، بەڵام ئەم دامەزراوانە لەبەرئەوەی لە لایەن حکوومەتی عێراقیەوە پشتگیری لێ ناکرێت، هەر بۆیە زیاتر لە لاشەیەکی بێ گیان دەچێت، حکوومەتی عێراق کە بە ئاشکرا ناتوانێت ڕێگری لە بوونی لێژنەو دەستەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بکات، بەڵام لە هەمانکاتدا لەڕێی دەرکردنی چەند یاسایەك و زیادکردنی ڕۆتین ئەرکەکانی ئەم لێژنەیان پەکخستووە. هەر بۆ نموونە:
١. حکوومەتی عێراق ڕێگە نادات بەبێ پرسی وەزیرەکانی، دەستەو لێژنەکانی قەڵاچۆکردنی گەندەڵی لەگەڵ ئەو کەسانە لێکۆڵینەوە بکەن کە لێژنەکان دەیانەوێت.
٢. حکوومەتی عێراق ڕێگە نادات ئەو لێژنانە دۆکۆمێنتی پێویستیان دەست بکەوێت.
٣. بۆ لێپرسینەوە لەگەڵ وەزیرەکان لە بەردەم پەرلەماندا چەند شێوازی هەمەجۆر دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی ئەو دانیشتنانە نەکرێت یا دوابخرێت.
٤. دانانی وەزیرێك بۆ کاروباری پەرلەمانی عێراق، ئەمەش وەك دروستکردنی بەربەستێکە بۆ ئەوەی لێژنەکانی پەرلەمان نەتوانن ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ وەزیرو وەزارەتەکان بکەن.

## گرێبەستەکانی سەرجەم وەزرەتەکان سەرچاوەی سەرەکی گەندەڵین

سەرجەم میدیاکانی جیهان، بەو میدیایانەی لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە پشتگیری دەکرێن، نکۆڵی لەوە ناکەن کە گرێبەستی سەرجەم وەزارەتەکان سەرچاوەیەکی سەرەکی گەندەڵییەو زۆرترین گەندەڵی لە میانەی ئەو گرێبەستانەدا ئەنجام دەدرێت و ئەم گەندەڵیانەش لەسەر حسابی کوالیتی ئەو کەل و پەل و پێداویستیانەیە کە دەهێنرێنە عێراقەوە.
بۆ زیاتر ڕاوەستان لەسەر ئەم پرسە گرنگە، گوڵان پەیوەندی بە ئەندامانی لێژنەی نەزاهەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کردو بەمجۆرە سەبارەت بە گەندەڵی حکوومەتی عێراق بۆ گوڵان هاتنە ئاخاوتن.



**پەرلەمانتار ئازاد رەفیق چالاک ئەندامی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان**



# گەلێک جار سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق رێگرە لەبەردەم کارەکانمان کە قەڵاچۆکردنی گەندەڵییە

**سووتاندنی بانکی ناوەندی بە ئەنقەست بووە و بۆ شاردنەوەی تەسفیەی حساباتی ساڵانە بووە**

پەرلەمانتار ئازاد رەفیق چالاك كە پەرلەمانتارێكی لیستی هاوپەیمانی كوردستانە، ئەندامی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی عێراقە و زۆر راشكاوانە لەمیانەی ئەم دیمانە تایبەتیەدا بە گوڵانی راگەیاند كە هۆكاری گەندەڵی لە ناو حكومەتی عێراقدا، سیاسییە و سەرجەم لایەنە سیاسییەكان بەشدارن لەو گەندەڵییەی كە لە حكومەتی عێراقدا هەیە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانی ئێمە بوو ئەو ئاماژەیە بوو كە ئازاد رەفیق چالاك بۆ هەوڵەكانی حكومەتی عێراق بۆ پشتگیری گەندەڵی كردی، بەتایبەتی لە بواری گەندەڵی ئیداری و بە نووسراوی فەرمی ئاراستەی وەزارەتەكانی كردووە كە ئەو بەرپرسانەی بڕوانامەیان تەزویركردووە، دۆسیەكانیان دابخرێت و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەكرێت.

ئەمەش دەقی بۆچوونەكانییەتی كە تایبەت بە گوڵان رایگەیاندووە.

**لێژنە و دەستەكانی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی زۆرن بەڵام كاریان پێ ناكرێت**

مەترسی گەندەڵی گەلێك جار ئەگەر لە ترسی تیرۆر زیاتر نەبێت، كەمتر نییە، هەربۆیە وەك چۆن هیچ دەسەڵات و لایەنێكی سیاسی ناتوانێت راشكاوانە و ئاشكرا بڵێت من پشتگیری تیرۆریستان دەكەم، بەهەمان شێوە هیچ دەسەڵاتێكیش بە دەسەڵاتی حكومەتی عێراقیشەوە ناتوانێت بڵێت من پیشگیری گەندەڵی و گەندەڵكاران دەكەم، هەربۆیە ئەم جۆرە دەسەڵاتانە پەنا دەبەنە بەر ئەوەی كە لیژنە و دامەزراوەكان رووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی زیاتر شێوەیەكی كارتۆنی وەربگرن و ناویان هەبێت و

کاریان نەبێت.

ئێستا لەعێراقدا لە بری لیژنەیەك و دووان، چەندین لیژنە و رێوشوێن بۆ ئەم مەبەستە گیراوەتەبەر کە یەکێکیان لیژنەی نەزاهەی سەر بە پەرلەمانی عێراقە، سەبارەت بەکاری ئەم لیژنەیە و لیژنەکانی دیکەش پەرلەمانتار ئازاد چالاك بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەروو:

«لە عێراقدا بێجگە لە لیژنەی نەزاهەی سەر بە پەرلەمانی عێراق، سێ لایەن یان سێ دامەزراوی دیکەش هەن بۆ رووبەڕووبونەوەی گەندەڵی ئەم لایەنانەش بریتین لە:

١- دەستەی نەزاهە

٢- دیوانی چاودێری دارایی

٣- نووسینگەی چاودێری گشتی «مکتب المفتش العام» ئێستا لە هەر وەزارەتێك چاودێرێکی گشتی «المفتش العام» هەیەو ئیشوکاری ئەوەیە چاودێری کارەکانی وەزارەت بکات و هەوڵەکانی گەندەڵی تۆمار بکات، لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی عێراق ئەرکی سەرەکی بریتییە لە دوو ئەرك:

١- دانانی یاسا

٢- چاودێری کردنی ئەو لایەن و دەستانەی کاریان رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییە.

### نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان ئەم لایەنانە

دەزگا و دامەزراو ولایەنەکان چەند زۆربن، ئەگەر هەماهەنگی یەکتری نەکەن، ئاکامیان بەرهەمێکی باش نادەن بەدەستەوە، پێدەچێت دامەزراو و لیژنە و دەستەکانی رووبەڕووبونەوەی گەندەڵیش لەعێراقدا هەماهەنگیان لەنێواندا نەبێت، هەربۆیە بەرهەمی کارەکانیان بەرچاونین، دەربارەی ئەم مەسەلەیە ئازاد چالاك گوتی: «هەتا ئەم دواییە لە نێوان ئەو چواربەشەی ئاماژەم پێکرد، هەماهەنگی پێویست نەبووە، هۆکاری نەبونی ئەم هەماهەنگییەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کەتا ئێستا ئەو یاسایانەی کاری ئەم لیژنانە رێکدەخات لەبەردەست نین، لەمەشدا مەبەستم ئەوەیە هەتا ئێستا ئەم یاسایانە لەلایەن پەرلەمانەوە نەخراوەتە دەنگدان و پەسەند نەکراون. پەسەندکردنی ئەو یاسایانە گرنگن، لەبەر ئەوەی هەندێك کارو دەسەڵاتی ئەم چوارلایەنە لەگەڵ لایەنەکانی تر تێکەڵاو دەبێت و پێویستیمان بەیاسایەکە کە ئەو تێکەڵاوییە لەیەکتری جیا بکاتەوە.

### دامەزراندنی دەستەی باڵای قەڵاچۆکردنی گەندەڵی

لە درێژەی لێدوانەکەیدا سەبارەت بە دۆزینەوەی رێگەچارەیەك بۆ رێکخستنی کاری ئەم لیژنانە هەتا یاساکان لە پەرلەمانی عێراقدا پەسەند دەکرێن ئازاد چالاك گوتی:

«دواین جار لەلایەن ئەمینداریەتی گشتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقەوە بریاردرا کە دەستەیەك بەناوی دەستەی باڵای قەڵاچۆکردنی گەندەڵی لە عێراقدا دابمەزرێت و لەلایەن ئەمینداری گشتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە سەرۆکایەتی دەکرێت و نوێنەری ئەم لایەنانەشی تێدایە:

١- دادگا ٢- دەستەی داواکاری گشتی ٣- دەستەی نەزاهە ٤- چاودێری گشتی ٥- دیوانی چاودێری دارایی ٦- لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی عێراق.

ئەم دەستەیە باڵایە نە یاسا دانەرە نە جێبەجێکاریشە، بەڵکو کاری ئەوەیە هەماهەنگی لە نێوان ئەو لایەنانە دروست بکات کە ئاماژەم پێکرد، لە ئەنجوومەنی نوێنەرانیش کۆبوونەوەمان کردووە و دەتوانین بڵێین ئێستا لە جاران باشترین.

### لەبەر ئەوەی جەخت لەسەر لێپرسینەوە دەکەین هەموو وەزارەتەکان بونە دوژمنی لیژنەی نەزاهە

سەبارەت بەو ئاستەنگ و گرفتانەی بۆ لیژنەی نەزاهە دروست دەبن، ئازاد چالاك ئەندامی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی عێراق گوتی: ئێستا گەورەترین کێشەی ئێمە ئەوەیە کە داوای لێپرسینەوە و وڵامدانەوە لە وەزیرەکان دەکەین ئێستا باس لەوە دەکەین کە پێویستە:

١- وەزارەتی بازرگانی ٢- وەزارەتی بەرگری ٣- وەزارەتی کارەبا، بانگهێشتی بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران بکرێن بۆ ئەوەی پرسیاریان لێبکرێت و وەڵامی پەرلەمانتاران بدەنەوە کەچی هەست دەکەین هەموو بوون بە دوژمنی لیژنەی نەزاهە.

ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بەنووسراوی فەرمی هەوڵدەدات دەسەڵاتی ئێمە کەم بکاتەوە

دەربارەی ئەو رێگریانەی کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقیشەوە دژی هەوڵەکانی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دەکرێن ئازاد رەفیق چالاك گوتی: دژایەتی کردنی هەوڵەکان بۆ رووبەڕووبونەوەی گەندەڵی گەیشتۆتە ئاستی ئەمنیدارییەتی گشتی ئەنجوومەنی وەزیران بەمجۆرە:

١- رێگەمان پێنادەن بە دوای بەڵگەو دیکۆمێنتی وەزارەتەکاندا بگەڕێین.

٢- ئاگادارمان دەکەنەوەکە ئەوە کاری ئێوە نییە.

٣- بۆ ئەوەی ئێمە راستەوخۆ نەتوانین پەیوەندی بە وەزیرەکانەوە بکەین کە بەپێی پەیرەو و پرۆگرامی ناوخۆی ئەنجوومەنی نوێنەران ئەرکی ئێمەیە.

### ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بەنووسراوی فەرمی پشتگیری لە بروانامەی ساختە دەکات

لە بەشێکی دیکە و هەر لەمیانەی ئەو رێگریانەی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ لیژنەی نەزاهە دروستی دەکات ئازاد چالاك دەڵێت: «ئێمە وەکو لیژنەی نەزاهە هەندێك ئیستمارەمان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی هەموو بەرپرسەکان هەر لەسەر ئاستی سەرۆکی کۆمار و سەرۆك وەزیران و دەسەڵاتی ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە تا دەگاتە وەزیر و پەرلەمانتار و بەرێوەبەرە گشتییەکان بە زانیاری راست پری بکەنەوە بۆ نموونە:

١- بروانامەکانیان و ناردنی کۆپی ئەسڵییەکەی.

٢- سەروەت و سامانیان پێش وەرگرتنی پۆستەکانیان

٣- سەروەت و سامانیان دوای وەرگرتنی پۆستەکانیان

ئێستا وایان لێهاتووە ئەسڵەن هەر پێیان خۆش نییە ئێمە بە دوای ئەو مەسەلەیەدا بچین بۆ ئەمەش بەڵگەمان لەبەردەستە، ئەویش ئەو نووسراوەیە کە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئاراستەی وەزارەتەکان کراوە ئەمە دەقی یەکێکیانە:

بروانامەی خوێندنی ساختە

**گەورەترین کێشەی ئێمە ئەوەیە کە داوای لێپرسینەوە و وڵامدانەوە لە وەزیرەکان دەکەین**

**دژایەتی کردنی هەوڵەکان بۆ رووبەڕووبونەوەی گەندەڵی گەیشتۆتە ئاستی ئەمنیدارییەتی گشتی ئەنجوومەنی وەزیران**

لە ئەمینداریەتی گشتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ وەزارەتی نەوت فەرمانگەی کارگێری و یاسایی

ئاماژە بە نووسراوتان لەرۆژی ١٥-٧-٢٠٠٧ نووسینگەی سەرۆك وەزیران لە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی داوا دەکات ئەو شکاتانەی کراون و ئەو کەسانەی دەستگیر کراون بە تۆمەتی ساختەکاری بڕوانامە یان دیکۆمێنتی خوێندن و بە ئەنقەست بەکارهێناوە ئازاد بکرێن بەبێ ئەوەی هیچ رێوشوێنێکی یاسایی بگرێتە بەر کە باری پێش ئەو ساختەکارییە تێکبدات».

دیارە ئەنجوومەنی وەزیران دەزانێت ئەم مەسەلەیە زۆر کەس دەگرێتەوە، هەر بۆ نموونە ئەندام پەرلەمانمان هەیە، بڕوانامەی ٣ی ناوەندی هەیە لەکاتێکدا بۆ ئەندام پەرلەمان مەرجە کە بڕوانامەی ئامادەیی هەبێت، بەڵام ئەنجوومەنی وەزیران داوا دەکات ئەو رێوشوێنە یاساییانەی بۆ ئاشکراکردنی ئەو ساختەکارییە خراونە گەڕ رابگیرێت.

**ئەندام پەرلەمانمان هەیە، بڕوانامەی ٣ی ناوەندی هەیە لەکاتێکدا بۆ ئەندام پەرلەمان مەرجە کە بڕوانامەی ئامادەیی هەبێت**

### وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی نوێنەران نابێت لیژنەکانی پەرلەمان راستەوخۆ پەیوەندی بە وەزارەتەکانەوە بکەن

هەر سەبارەت بە رێگرییەکی دیکەی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ کارەکانی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و بە فەرمی کردنی ئەو هەوڵانە پەرلەمانتار ئازاد چالاك گوتی: هەوڵەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بۆ سنووردارکردن و رێگرتن لە هەوڵەکانمان زۆرن، هەربۆ نموونە هەوڵێکی تریان ئەو راگەیاندنەی سەفا سافی وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی نوێنەران کە بۆ هەموو وەزارەتەکانی ناردووە و تیایدا هاتووە:

١- دەبێت هەموو موخاتەبەیەك لەگەڵ وەزارەتەکان بەرێگەی وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە بێت.

٢- داواکردنی هەر دیکۆمێنتێك دەبێت بە رێگەی وەزیری ناوبراوبێت.

٣- ئەگەر لیژنەی نەزاهە پێویستی بە کەسێك یان بەڕێوەبەرێك یان بەڕێوەبەرێکی گشتی هەبێت لە وەزارەتێکدا دەبێت، وەزیرەکەی رازی بێت ئینجا لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت.

٤- بەپێی ماددەی ١٣٦ ب کە دەڵێت، نابێت هیچ کەسێك لە وەزارتێکەوە بنێرێت بۆ لێکۆڵینەوە یان بەردەمی دادگا بەبێ رەزامەندی وەزیرەکە..

**کە گەندەڵی کارگێری هەبوو گەندەڵی دارایش دەست پێدەکات**

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەی ئەگەر شەخسی وەزیر لەگەڵ ئەو کەسەی بانگهێشت دەکرێن دەستی لە گەندەڵیدا هەبێت، کەواتە دەرگا لەبەردەم ئێمە داخراو هاتا وەزیر رازی دەبێت ئەو کەسە بنێرێت بۆ لێکۆڵینەوە چەند ساڵێکی دەوێت.

### عێراق وڵاتێکی فاسد و فاشیل

ئێستا بەرپرسانی عێراقی سەبارەت بە ناوەرۆکی ئەو راپۆرتە نێودەوڵەتیانەی کە عێراق بە دەوڵەتێکی گەندەڵ و فاشیل ناوزەد دەکەن، بە ناوەرۆکی بێ بنەما وەسف دەکەن. لەمبارەوە و دەربارەی راپۆرتی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی کە عێراق بە سێیەمین دەوڵەتی گەندەڵ و راپۆرتی سندوقی ئاشتی جیهان کە عێراق بە دووەمین دەوڵەتی فاشیل لەقەڵەم دەدەن، ئازاد چالاك گوتی « من تا رادەیەك لەگەڵ ئەو بۆچوونە کۆکم کە مەرج نییە ئەو ژمارانەی لەو راپۆرتانەدا هاتوون

**لە هەموو وەزارەتەکاندا بە زۆری گەندەڵی لە گرێبەستەکاندا کراوە**

هەموویان راست بن، بەڵام ئەمەمانای ئەوە نییە کە لە عێراقدا گەندەڵییەکی گەورە نییە، هۆکاری گەندەڵی لە عێراقدا کۆمەڵێك هۆکارن هەر بۆ نموونە:

١- دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن، پاشا گەردانیەك لە عێراقدا هاتە ئاراوە، راستە سەدام حوسێن بۆ داوردەستەکەی و کەسوکاری خۆی چاوپۆشی لە گەندەڵی دەکرد، بەڵام لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە یەکێك گەندەڵی بکردایە سزای دەدا، گەلێك جار سزاکە دەگەیشتە لە سێدارەدان.

٢- دوای رژێمی سەدام حوسێن زەمینەی گەندەڵی زیاد بوو، حکومەتی عێراق نەیتوانی گرفتە ئابوورییەکان وەك بێکاری و



جۆرەها کێشەی دیکەی ئابووری چارەسەر بکات.

٣- هەموو حزبە سیاسییەکانی عێراق کە ئەمڕۆ لەسەر گۆڕەپانەکە بوونیان هەیە و دەسەڵاتیان هەیە، هەموویان دەستیان لەو گەندەڵییەدا هەیە، بە پرسی ئەو حزبانە کە هاتوونەتە ناو وەزارەت ودامەزراوەکانی دەوڵەت، هەموویان کەس وکاروناسیاوەکانیان لەخۆیان کۆکردۆتەوە کە ئەمە دەسپێکی گەندەڵی کارگێرییە، کە گەندەڵی کارگێری هەبوو گەندەڵی دارایش دەست پێدەکات.

٤- هەندێك لە وەزیرەکان کە لەبەر هۆکاری سیاسی پۆستی وەزاریان وەرگرتووە، تایبەتمەند نین و لەکارەکانی خۆیان شارەزا نین، بۆیە پشت بەر کۆمەڵێك کەسی دیکە دەبەستێت و ئەو کۆمەڵە کەسە زۆر شتی گرنگی بەسەردا تێدەپەڕێنێت، هەر بۆیە مەرج نین لە وەزارەتێکا گەندەڵی هەبێت، وەزیرەکەت گەندەڵ بێت، بەڵام وەزیرەکە بەرپرسە لە بوونی ئەو گەندەڵییە.

٥- نەبوونـــی لێپرســـینەوە، لاوازی ئـــەدای حکوومەت لەم بوارە، وایکردووە مەسەلەی گەندەڵی وەك حاڵەتێکی سروشتی سەربگرێت بێتە پەتایەك بڵاوبێتەوە، لەبەر ئەوەی کەس نەیبینووە یەکێك لەسەر گەندەڵی سزابدرێت یان بەند بکرێت یان لە سێدارە بدرێت.

## بەپێی ئامارەکانی٢٠٠٦ وەزارەتی ناوخۆ زۆرترین گەندەڵی تێدابووە

هـــەر لەم دیدارە تایبەتەدا پێمان باشـــبوو کـــە ئاماژەکان بۆ گەندەڵی بە زمانی ژمارەبێت، بەڵام ئەندامی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی عێراق پێی راگەیاندین کە ئاماری ٢٠٠٧ تا ئێســـتا



نەگەیشـــتۆتە بەردەم لیژنەی نەزاهەو ئەوەی هەیە ئامارەکانی ســـاڵی ٢٠٠٦، واتە ٢٠٠٦/١٢/٣١، بـــەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە لـــەو بڕوایەداین کە ئاماری ٢٠٠٧ یـــش جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ ٢٠٠٦ نییە، بۆیە داوامان لێکرد هەندێك لە ئامارەکانی ســـاڵی ٢٠٠٦مان پێ بڵێت دەربارەی ئەمـــەش بەمجۆرە پێی راگەیاندین:

١- ژمارەی ئەو شکاتانەی کە تا ٢٠٠٦/١٢/٣١ رووبەڕووی لیژنەی نەزاهە کراوەتەوە ٤٥٩٨ شـــکاتە و جۆری شـــکاتەکان بریتین لە :

* گەندەڵی کارگێری (بەرتیل) ٤٠٤ کێشە
* ساختەکاری(تزویر) ٣٧٥ کێشە
* دزی (ئیفلاس) ٦٢١ کێشە
* سنووربەزاندنی دەسەڵاتی فەرمانبەر ٥٩١ کێشە
* کێشەی دیکە ٢٥٩٩ کێشە
* ژمارەی ئەو مەســـەلانەی کە بوونەتە مەسەلەی سزادان ٢٢٧٢ کێشە
*ژمارەی ئەو کێشـــانەی کە هەتـــا ٢٠٠٦/١٢/٣١ لە ژێر لێکۆڵینەوەدابوون ٢٣٧٢ کێشە
* ئەو کێشانەی کەلەلایەن قازیەوە راگەیەنراون ٣٩٣ کێشە
* ئەو کێشانەی رەوانەی دادگای تاوان کراون ٣٧٦ کێشە
* ئەو کێشانەی بە فەرمانی قازی رووبەڕووی لایەنی دیکە کراوەتەوە ٤١٦.

## ریزبەندی گەندەڵی وەزارەتەکان

ســـەبارەت بەریزبەندی وەزارەتەکان بەپێی ئەو ئاســـتەی ئەو گەندەڵییەی کە تیایاندا هەبوو، چالاك گووتی:

١- وەزارەتی ناوخۆ ٦٩١ حاڵەت
٢- وەزارەتی بەرگری ٥١٢ حاڵەت
٣- وەزارەتی خوێندنی باڵا ١٥٩ حاڵەت

دیارە ئەم ئامارانە زۆرن و ناتوانم هەمووشیتان پێی راگەیەنم، بەڵام دەمەوێت بە کورتـــی ئەوە بڵێم لە هەموو وەزارەتەکاندا بە زۆری گەنەڵی لە گرێبەستەکاندا کراوە هەر بۆ نموونە:

١- وەزارەتـــی بەرگـــری و کارەبـــا و بازرگانـــی زۆرترین گرێبەستیان هەبوو، گەندەڵییەکە لە گرێبەستیەکەیە.
٢- وەزارەتـــی کاروباری کۆمەڵایەتـــی گەندەڵییەکەیان لە مووچەدابووە:
أ- زۆر کەس ناویان هەبووە بەڵام بوونیان نەبووە
ب- مووچەیان دواخستووە و نەیانداوە.

## گەندەڵییەکانی وەزارەتی بازرگانی وەرگرتنی عەمولە لە گرێبەستەکان

سەبارەت بەوەی کەلیژنەی نەزاهە بەتەمایە وەزیری بازرگانی بۆ پرسیار و وەڵام بانگهێشتی پەرلەمان بکات،بێگومان لیژنەی نەزاهە کۆمەڵێك مەسەلەی ئامادەکردووە سەبارەت بەم مەسەلانە، ئازاد چالاك گوتی: ئێمە هەوڵدەدەین کە زانیارییەکان لەســـەر هـــەر وەزارەتێك کۆبکەینـــەوە هەربۆیە پێش ئـــەوەی وەزیرێك بانگهێشـــت بکەین پێشتر چاودێرە گشـــتیەکان(المفتش العام) وەزارەتەکەی بانگ دەکەین.

سەبارەت بە وەزارەتی بازرگانی بێگومان کۆمەڵێك بەڵگە بۆ گەندەڵی هەیە یەکێك لـــەو تۆمەتانەی وەزیری بازرگانی پێ تۆمەتبار دەکرێت پەیوەندی بـــە براکانیەوە هەیە، لەبەر ئەوەی هاتا ماوەیەك پێش ئێســـتا براکانی دەســـتێکی گەورەیان لە گەندەڵی وەزارەتی بازرگانی هەبووە و لەســـەر گرێبەســـتەکان عمولەیان وەرگرتووە، واتە گرێبەســـتەکانیان داوە بە کەسانەی کە بەشی ئەوانیش بدات، بێگومان ئەمەش لەسەر کوالیتی ئەو ماددانەیـــە کە بەپێی ئەو گرێبەســـتانە دەکرێن، ئەو ماددانەش بریتی بوو لە:

(گەنم، خۆراك وەك شەکر، برنج، چا... هتد).

گەندەڵیەکانـــی وەزارەتـــی بەرگری ١٤ ملیـــۆن دۆلار بۆ کەلوپەلـــی رووبەڕووبوونـــەوەی ئاژاوەگێـــری ٦ ملیۆن دۆلار کڕینی هاوەن

دەربارەی گەندەڵییەکانی وەزارەتـــی بەرگری بەتایبەتی کە

**یەکێک لەو تۆمەتانەی وەزیری بازرگانی پێ تۆمەتبار دەکرێت پەیوەندی بە براکانیەوە هەیە**

**گرێبەستێک بە ١١٤ ملیۆن بۆ کڕینی زرێپۆش ئیمزاکراوە لەگەڵ سربیا، سەرۆکایەتی ئەرکان دەڵێت بۆچی لەگەڵ سربیا، وڵاتی پێشکەوتووتر هەیە، ئێمە شان بەشانی سوپای ئەمەریکا شەڕی تیرۆر دەکەین بۆ ئەم کەلوپەلانەمان هاوشێوەی ئەمەریکا نەبێت**

لیژنەی نەزاهە چاودێری گشتی ئەو وەزارەتەش بانگهێشت کردووە، ئەندامی لیژنەی نەزاهەی ئەنجوومەنی نوێنەران گوتی: ئێستا نووسراوێکی سەرۆك ئەرکان سوپای عێراقمان بۆ هاتووە باس لە چەکدارکردنی سوپای عێراق دەکات بەپێی ئەوەی سەرۆك ئەرکان ئاگادارکرابێتەوە کە لە بنەڕتیشدا ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بەسەرۆکایەتی ئەرکانەوە هەیە، وەزارەتی بەرگری بەپێی داواکردنی لەسەرۆکایەتی ئەرکان کە چەند کەسێکی شارەزا بنرێت، خۆیان هەر لە وەزارەتی کۆمەڵێك گرێبەستیان کردووە لەوانە:

١- گرێبەستێك بە ٧٦ ملیۆن بۆ کڕینی هاوەن ئیمزا کراوە، سەرۆکایەتی ئەرکانی عێراق دەڵێت، ئێمە ئێستا شەڕی تیرۆر دەکەین، ئایا هاوەن چەکێکی ستراتیژیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، لەبەر ئەوە دەبوو چەکی پلەیەك بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر بکڕێت.

٢- گرێبەتسێك بە ١٤,٥ ملیۆن دۆلار بۆ کڕینی پێداویستی رووبەڕووبوونەوەی ئاژاوەگێڕی (مکافحە الشغب) کراوە، سەرۆکایەتی ئەرکان دەڵێت ئەوە بۆ پۆلیس باشە، کەی سوپا بە عەسای لاستیکی و قەڵغانی شوشە شەڕی دژە تیرۆری پێدەکرێت؟

٣- گرێبەستێك بە ١١٤ ملیۆن بۆ کڕینی زرێپۆشی سنگ (سدریە حمایە درع) ئیمزاکراوە لەگەڵ سربیا، سەرۆکایەتی ئەرکان دەڵێت بۆچی لەگەڵ سربیا، وڵاتی پێشکەوتووتر هەیە، ئێمە شان بەشانی سوپای ئەمەریکا شەڕی تیرۆر دەکەین بۆ ئەم کەلوپەلانەمان هاوشێوەی ئەمەریکا نەبێت.

٤- پێداویستەکانی هێڵی ئاسمانی عێراق کە چەند گرێبەستێك ئیمزا کراوە لەگەڵ چەند دەوڵەتێك کە ئاستی هێزە ئاسمانییەکانییان زۆر نزمە، سەرۆکایەتی ئەرکان دەڵێت: بۆچی بۆ بونیادنانەوەی هێزی ئاسمانی عێراق پشت بە ئەمەریکا و بەریتانیا نەبەسترێت کە لە جیهاندا لە هێزی ئاسمانی ئەم دوو دەوڵەتە پێشکەوتوترنییە.

## بە قاچاخ بردنی نەوت ئێستا زۆر ماڵ لە بەسرە دەوڵەتێکی بچووکە و نەوت دەفرۆشێت

سەبارەت بە قاچاخ فرۆشتنی نەوتیش چالاك گوتی: سەبارەت بەم مەسەلەیە بێگومان دەمێکە ئەم دیاردەیە هەیە، کۆمەڵێك هۆکاریشی لە پشتەوەیە:

١- وەزارەتی نەوت خۆی نەوت بە قاچاخ نافرۆشێت، بەڵکو پارتە سیاسییەکان و میلیشییاکان تەنانەت چەکدارە تیرۆریستەکان بە ئاشکرا ئەم کارە دەکەن.

بەڵام وەزارەت تا ئێستا نەیتوانیووە ئەم دیاردەیە کۆنترۆڵ بکات لەبەرئەوەی:

-پێوەرەکانیان وەك پێویستن.

-کۆنترۆڵ بەرهەمەکە نییە.

ئێستا لەبەرئەوەی باری ئاسایش نەختێك باش بووە، مەسەلەی بە قاچاخ بردنی نەوتەکان باشتر بووە.

٢- هەواڵێك هەیە دەڵێت: لە بەسرە هەندێك بنەماڵە هەیە کە پێیان دەڵێن ئال فلان و ئال فلان بوونەتە فرۆشیاری نەوت زۆر لەو پاپۆڕانەی کە نەوت باردەکەن لە بەندەرێکی عێراق نەوتی لێ دەردێنن و بەلەمەکانیان کردۆتە تانکەری نەوت نەوتەکەی پێ دەبەن بۆ ئێران.

٣- لەم ماوەیە دوای ئەو مەسەلەیە ئاشکرابوو کە نەوتی ١٥ بیری عێراق بە بۆریەك دەچێتە ئێران، لەگەڵ ئەوەی ئێران ئەم مەسەلەیەی رەتکردەوە، بەڵام وەزارەتی دەرەوەی عێراق پشت راستی کردەوە.

## داهاتی زیاد بوونی نەوت تەسفەیەی حیساب دیار نییە

بەشێکی دیکەی گەندەڵی کە لە راپۆرتی چاودێری ئەمەریکاشدا ئاماژەی بۆ کراوە مەسەلەی گەندەڵیە لە داهاتی زیادەی فرۆشی نەوت دەربارەی ئەم مەسەلەیە ئازاد چالاك گوتی:

((ئەمەش یەکێکە لەو گرفتانەی ئێمە وەك هاوپەیمانی کوردستان ئاگاداری ئەم مەسەلەیەتی و لە موناقەشەی بوودجە کە ئەوان پێیان وایە رێژەی ٪١٧ بۆ کوردستان زۆرە، داوامان لێکردون گەر بێت کەشفی داهاتی هەموو نەوت بە ساڵانی پێشووشەوە بکەن من وای دەبینم یەکێك لەو هۆکارەکانی سووتانی بانکی ناوەندی عێراق پەیوەندی بەو کێشەیەوە هەیە.

## بە ئەنقەست بانکی ناوەندی سووتێنراو ١٥ ملیار دۆلار رزگارکراوە یەک دۆکیۆمێنت نەماوە

سووتاندنی بانکی ناوەندی عێراق، کارێکی دژوارەو تا ئێستا لێکۆڵینەوە لەسەری بەردەوامە و هەموو لایەك لە سووتاندنی ئەو بانکە بە گومانن، بە تایبەت کە یەك دۆلار نەسووتاوە و لەبەرامبەردا یەك دیکۆمێنت نەماوە سەبارەت بە سووتانی بانکی ناوەندی پەرلەمانتار ئازاد چالاك گوتی: (( ئێمە وەك لیژنەی نەزاهە هۆکاری سووتاندنی بانکی ناوەندیمان کردووە بە راپۆرتێك و رەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەرانمان کردووە، مەسەلەی ئەم سووتانە کارێکی ئاسای نییە لەبەرئەوەی بانکی ناوەندی بێجگە لە داهاتی فرۆشتنی نەوت، هەموو ئەو تێکۆشانەی پەیوەندی بە داهاتی عێراقەوە هەیە هەر لەزەمانی سەدام حوسێنەوە تا ئێستا لەو بانکەدا بوونی هەیە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە:

بوچی لەم سووتاندنەدا پارە نەسووتاوە و توانراوە ١٥ ملیار دۆلار رزگار بکرێت بەڵام یەك دیکۆمێنتیان رزگار نەکردووە و هەمووی سووتاوە؟

## راپۆرتی لیژنەی نەزاهە : بەدەستی ئەنقەست بانکی ناوەندی سوتێنراوە

لیژنەیەك کە پێکهاتووە لە سەرۆکی لیژنەی نەزاهە و سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی و لیژنەی لێکۆڵینەوەی وەزارەتی ناوخۆ، سەردانی بانکەکەیان کردووە و سەبارەت بە هۆکاری ئاگرەکە دەڵێن:

١- ٪٨٠ی قەناعەتی ئەم لیژنەیە ئەوەیە کە ئەم ئاگرە بەدەستی ئەنقسەت بووە و کارێکی تێکدەرانە بووە

٢- مەبەست لە سووتاندنی بانکی ناوەندی، لە ناوبردنی دیکۆمێنتەکان بووە، واتە هەموو دیکۆمێنتەکان بە گشتی و بەتایبەتی ئەو دیکۆمێنتانەی پەیوەندیان بە کەشفی حسابی تەسفیەی میزانیە و فرۆشتنی نەوتەوە هەبووە.

**پێش دوومانگ وەزارەتی ئەمنی نیشتمانی بە نووسراوێک وەزارەتی دارایی و بانکی ناوەندی ئاگادارکردۆتەوە کە پێویستە ئاگاداری خۆیان بن و لەوانەیە شتێک دژ بە بانکی ناوەندی رووبدات**

٣- ئەم سووتاندنە لە نهۆمی پارێزگاری بانك و جێگرەكانی و نووسینگەی موفەتیشی گشتی بووە، ئەم شوێنانەش هەموو دیكۆمێنتەكانی تێدابووە.

٤- ئەم ئاگرە بەهۆكاری شۆرتی كارەبا نەبووە.

## پێش دوومانگ بانكی ناوەندی ئاگاداركراوەتەوە كە سیستەمی ئاگر كوژێنەوەی چاكبكاتەوە

ئەندامی لیژنەی نەزاهەی عێراق هەر سەبارەت بەو هۆشداریانەی كە پێشتر دراوەتە بانكی ناوەندی گوتی: »پێش دوومانگ وەزارەتی ئەمنی نیشتمانی بە نووسراوێك وەزارەتی دارایی و بانكی ناوەندی ئاگاداركردۆتەوە كە پێویستە ئاگاداری خۆیان بن و لەوانەیە شتێك دژ بە بانكی ناوەندی رووبدات، بۆ ئەمەش داوای لێكردوون ئیحتیاجی خۆیان وەبگرن:

أ- ئاگاداری كردوونەتەوە كە سیستەمی ئاگر كوژێنەوەی بانك ئیش ناكات و هەوڵبدرێت چاكبكرێتەوە، بەڵام هیچ هەوڵێك نەدراوە ئەمەش كەموكورتییەكی ئاشكرایە لە بەڕێوەبەرایەتی بانكی ناوەندی كە كراوە.

٢- داوایان لێكردوون دیكۆمێنتەكان كۆپی بكرێن و لە شوێنی باش هەڵبگیرێن و هەوڵبدرێت ئەو دیكۆمێنتانە سكان بكرێن و بخرێنەسەر CD، بەڵام هیچ كام لەمانە نەكراون.

## گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئەمنی پێویست: پارێزگاری بانكی ناوەندی پاسەوانانی دەرەوە تۆمەتبار دەكات

سەبارەت بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ پارێزگاری بانك ئازاد چالاك گوتی: لە راپۆرتەكە داهاتووە كە هەست دەكرێت كەمتەرخەمی كراوە لە وەرگرتنی ڕێوشوێنی ئەمنی پێویست بۆ پارێزگاریكردنی بانك، دوای ئاگاداركردنەوەی وەزارەتی ئەمنی نیشتمانی، لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە كۆمەڵێك پاسەوان نێردراوە بۆ پارێزگاری بانك، لەسەر فەرمانی پارێزگاری بانك ڕێگەنەدراوە ئەم پاسەوانانەی وەزارەتی ناوخۆ بچنە ناو بانكەكە ئەمە لە كاتێكدا پاسەوانانی پارێزگاری بانك كە ٦٥ كەسەو پاسەوانی جێگرو موفەتیشی گشتی كە هەریەكەیان ٢٠ پاسەوانە بە ئازادی لە ناو بانكدا هەڵسوڕاون.

## شكاندنی قاسەی دیكۆمێنتەكان

سەبارەت بە چۆنییەتی سووتاندنی ئەم دیكۆمێنتانە كە بەشێكیان لە ناو كۆمپیوتەری مەركەزی بانكدابوون لە راپۆرتەكەی لیژنەی نەزاهەدا هاتووە: »لەمیانەی لێكۆڵینەوە دەركەوتووە كە قاسەی سەرەكی بڕاوەتەوەو شكێنراوە لە ناو ئەم قاسەیەدا كۆمپیوتەری سەرەكی بانكی ناوەندی هەبووە كە هەموو دیكۆمێنتەكانی تێدا هەڵگیراوەو، وێنەی بڕینەوەی قاسەكە بە فۆتۆگراف لای لیژنەكە هەیەو دەدرێتە ئەنجوومەنی نوێنەران.

هەندێك لە بەرپرسانی بانك بە گومانەوە دەڵێن لەوانەیە هەندێك لەو دیكۆمێنتانە لە شوێنی دیكە هەبن، بەڵام لە چەند سەرچاوەیەكەوە زانیاری دراوەتە ئەم راپۆرتەو سەرچاوەكانیش لە ناو بانكی مەركەزیدان باس لەوە دەكەن كە ئەم دیكۆمێنتانە قەرەبوو ناكرێنەوە.

## ئەو دیكۆمێنتانەی سوتێنراون

بەپێی ئەو راپۆرتەی كە لێكۆڵینەوەی لەسەر ئەم رووداوە كردووە ئەو دیكۆمێنتانە سووتاون بریتین لە:

١- دیكۆمێنتەكانی سەردەمی رژێمی پشوو.

٢- دیكۆمێنتەكانی بەرنامەی نەوت بە خۆراك.

٣- حساباتی میزانییە.

٤- داهاتی زیادەی فرۆشتنی نەوت.

٥- گرێبەستەكانی وەزارەتی بازرگانی.

٦- گرێبەستەكانی بونیادنانەوەی عێراق.

٧- هەموو ئەو پارە نەقدیانەی كە هاتوونە ناو بانك و لە بانك براونەتە دەرەوە.

سەبارەت بە زیاتر روونكردنەوە لیژنەكە هەوڵیداوە لەگەڵ موفەتیشی گشتی بانكی ناوەندی قسە بكات بۆ ئەوەی زیاتر لە هۆكاری ئەم رووداوە ئاگاداربن، بەڵام موفەتیشی بانك ئامادە نەبوو قسە بكات.

**لەمیانەی لێكۆڵینەوە دەركەوتووە كە قاسەی سەرەكی بڕاوەتەوەو شكێنراوە لە ناو ئەم قاسەیەدا كۆمپیوتەری سەرەكی بانكی ناوەندی هەبووە كە هەموو دیكۆمێنتەكانی تێدا هەڵگیراوەو، وێنەی بڕینەوەی قاسەكە بە فۆتۆگراف لای لیژنەكە هەیەو دەدرێتە ئەنجوومەنی نوێنەران**



کەمیلە ئیبراهیم بادی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی
لە لیستی هاوپەیمانیەتی کوردستان بۆ گوڵان:

# ڕێگری گەورەی بەردەم کارەکانی لێژنەی نەزاهە تەداخولاتی حزبی و تایفییە!



●●●
**بۆ دیاریکردنی ڕێژەی ١٧٪ بۆ هەرێمی کوردستان ئەوا حزبی فەزیلە و هەندێک لایەنی ئیسلامی و لیستی العراقیە لەگەڵماندان بە پێچەوانەی هەڵوێستی حزبی دەعوە و لیستی ئیئتلافی عێراقی کە لەگەڵ ئێمەدانین بۆ ئەو ڕێژەیە**
●●●

● ناکۆکی نێوان دەستەی نەزاهە و لێژنەی نەزاهە

پێدەچێت کێرڤی کێشـــەکانی نێوان هەردوو لیژنەی نەزاهە و دەستەی نەزاهەی عێراقی لە هەڵکشـــانی بەردەوام دابێ و بەپێی گوتەکانی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق تایبەت بەم بوارە ئەم کێشانە هۆکار گەلێك بووبن بۆ پتر ئاڵۆزی بە بن بەست گەیشتنی کێشەکان و سڕ بوون لە داواکاری لێپێچینەوە لەگەڵ وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومـــەت، لەمبارەیەوە غفران الســـاعدی ئەندامـــی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە کوتلەی سەدردا تایبەت بە گوڵان گوتی: مافێکی دەســـتووری و یاساییە بۆ هەر ئەندام پەرلەمانێك کاتێك بەڵگەنامەی تەواو و دۆســـیەی ئامادەکراوی هەبێت لەسەر فەساد و کارخراپی و گەندەڵی هەر بەرپرسێکی حکومەت ئەم دۆسیەیە بەرز بکاتەوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو هۆیەی کە فلان بەرپرسە سەر بەکام حزب و لایەن و گروپە.

● بەتالان بردنی سامانی وڵات...

- کێشەی دزی و بەتالان بردنی سامانی نەوتی عێراق کە بەئاشکرا لەلایەن چەند گروپ و دەستەو لایەن و تاقمێك ئەنجام دەدرێت، ئەمە لە کاتێکدا بەرپرســـان و سەرۆکایەتی حکومەت لە بەغدا ئاگاداری ئەو بە تالان بردنەن و هەڵوێســـت وەرناگرن، بەڵام کاتێك حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی بەندەکانی دەستوور و لە چوارچێوەی یاسادا گرێبەستی نەوتی ئیمزا دەکات دەبینین لەلایەن حکومەتی بەغداوە ئەم کارە بە نایاسایی دەناسرێ و کێشەیەکی زۆریان هێناوەتە ئاراوە.

کەمیلە ئیبراهیم بادی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی لە لیستی هاوپەیمانیەتی کوردستان بەم شێوەیە بۆ گوڵان دواو و گوتی: دەربارەی ئەو کێشـــەیە و مەسەلەی تەهریبی نەوتی ئێمە وەك لێژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی عێراقی فیدراڵ بە وردی بەدواداچوونمان کردووە و زانیاری زۆرمان لەدەســـتدایە بۆ تێوەگلانـــی زۆرکەس ولایەن لەو بەتالان بردنە، بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ پشکێنەری گشتی (مفتش العام) دانیشتین و گفتوگۆمان کرد و دیارە ئەوان کێشەی زۆریان هەیە بەدەســـت ئەو دزی کردنانە وەك ئەوەی بەهۆی (عدادات) ی ســـەر بۆریە نەوتییەکان ئەو دزیانە دەکرێن چونکە لە گەڕەك ومالەکان تەجاوز دەکرێتە سەر بۆری ئاوی گەڕەك و کۆڵانەکان بەهەمان شێوەش لە ژێر زەوییەوە تەجاوزی زۆر کراوە و دەکرێتە سەر بۆرییە نەوتییەکان، بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە پلان و بەرنایەکمان داناوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو دیاردە ترسناکەی سەر سامانی گشتی وڵات.

هەر لەم چوارچێوەیەشـــدا ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە کوتلەی سەدری غفران الساعدی گوتی: لێکۆڵینەوەیەکی ورد و زۆر جدیمان لەسەر ئەو مەسەلە گرنگ و هەستیارە ئەنجام داوە و لەگەڵ زۆر لایەنی تایبەتمەند لەو بوارانەدا دانیشتووین و زۆر هەوڵمانداوە بۆ ڕاگرتنی ئەو خوێنەی لە جەستەی شەکەتی عێراقی ماندوو دەڕوات، هەروەها دەســـتمان لە زۆر لە خروقاتەکان داناوە و زۆر شـــتمان بەڕێ کردووە.

● بودجەی نوێی ٢٠٠٨ و ئەگەرەکان و گرفتەکانی بەردەم...

- هاوکات لەگەڵ قوڵبوونەوەی کێشـــەکان وناکۆکی دید و بۆچوون لە نێوان لیست و کوتلە و پێکهاتەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراقی

کێشەی دەنگدان لەســــەر بودجەی نوێی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٨ زۆر رەهەندی جیاوازی لێکەوتەوە و تاوەکو ئێستاش چەندین جار دەنگدان لەســـەری دواخراوە و کە ئەمەش نارەزاییەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە، هەروەك زۆر لەکارو پرۆژەکانی حکومەت و خەڵکی لەم وڵاتەدا پەککخستووە.

کەمیلە ئیبراهیم باری لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی دەڵێت:
سەبارەت بە تەسفییە نەکردنی حســـاباتی کۆنی وەزارەتەکانی بەغدا دیارە ئەو تەســـفیاتانە درەنگ گەیشتوون و بەباشیش نەگەیشتوون، بەڵام بۆ مەسەلەی میزانییەی ئێستاکە ئەو مەسەلەیە لە چوارچێوەی یاساییەکەی دەرچووە و لەو قاڵبەدا نەماوە بەڵکو چۆتە قاڵبێکی سیاسی تەواو زیاتر لەوەی قاڵبێکی دەستووری بێت، تاوەکو ئەندامانی پەرلەمان بتوانن گفتوگۆی لەسەر بکەن و دەنگدانی بۆ بکرێت، کەواتە ئێستاکە مەسەلەکە بۆتە بابەتێك کە دەسەڵاتی تەشریعی کاری بۆ لەسەر ناکرێت بۆیە پێمان وایە ئەگەر ســـەرکردەکانی سیاسی دەست نەخەنە ناو ئەو کێشەیە ئەوا بە ئاسانی حەسم ناکرێت.

بۆ زیاتـــر روونکردنەوەی ئەم بابەتە وەك دواین هەڵوێســـتی هەندێك پێکهاتـــەی ناو پەرلەمانی عێراقی فیـــدراڵ کەمیلە ئیبراهیم باری گوتی: بۆ مەسەلەی بودجە دەقی کۆبوونەوەیەکی لیستی هاوپەیمانی یەککگرتوو شـــیعی لەم بارەیەوە هەیە کە بە عەرەبی نووسراوە و دەڵێت (تعدل اعادە ١٨، تحدد نســـبە ./١٧ من مجموع النفقات التشغیلیە و نفقات مشاریع الاستثماریە للموازنە العامە اتحادیا لجمهوریە العراق) دوای ئەوە لە بڕگەیەکی تردا دەڵێت (بعد اســـتبعاد النفقات اتحادیە اســـتثماریە و النفقات السیادیە المتمثلە بمجلس النواب و الرئاسە و المجلس الوزراء العراق).

تێبینی ئێمە لەســـەر ئەم دەقە ئەوەیە ئەگەر ئەو بڕگەیەی کە دەڵێت (استبعاد نفقات اتحادیە استثماریە) لانەدرێت لەمادەکە واتە بەوجۆرەی کە نووسراوە و ئامادە کراوە بمێنێتەوە و بهێندرێت بۆ دەنگدان ئەگەری زۆر هەیە کە دەنگدان لەسەری نەکرێت، ئەوان کە لە پرۆژەکانی ڕێژەی ./١٧ کـــە دانیان پیاناوە بەڵام ئەم دانپیانانە تەنیا رواڵەتی واتە ســـەر زارەکییە و لەناوەرۆکدا لێك نادرێنەوە تەنیا وەك رازیکردنێکە بۆ خەڵکی کورد، ئەگینا لە کۆتاییدا ڕێژەکە بەپێی دارشتنی ئەوان دەبێتە./١٤ و کەمتریش، ئەمەش حیلەو فێڵێکی دیبلۆماسییە و دەیانەوێت پێشانی خەڵکی بدەن کە ئەوان رازین لەسەر ئەو ڕێژەیە بۆ کوردستان.

بۆ زیاتر بەرچاورورونی خەڵکی و رای گشتی ئەوانە نەفەقاتی ئیتحادی ئیستثماری مەبەست کە لێوەی بابەتی بەندەرەکانە (موانی) لەگەڵ هەندێك لایەنی تایبەت بە نەوت کە ئەوانە بەگشتی دەکاتە ملیارات دۆلار، بۆیە دەڵێین ئەمە حیلەیەکی دیبلۆماسییە.

هــــەر دەربارەی ڕێژەی ./١٧ لە بودجەی گشـــتی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان ئەندامی کوتلەی ســـەدری لە پەرلەمانی عێراق گوتی، پێموانیە لەم زووانەدا بودجەی گشتی عێراقی دەنگدانی لەسەر بکرێت و دەربارەی ئەو ڕێژەیەش بۆ هەرێمی کوردســـتان راپۆرتێکی وەزارەتی پلاندانانی عێراقیمان پێگەیشتووە کە ئەمەش ناکاتە هەمووی هەروەها بۆ هەمان مەبەســـتیش راپۆرتێکی وەزارەتی دارایی گەیشـــتووە کە ئەمەش ناکاتە هەمووی، چونکە ئێمە پێویســـتیمان بە راپۆرتێکە کە گشتی بێت و بۆچوونی فراوانتری لەخۆگرتبێت بە جۆرێك راپۆرتەکە گەر بکرێت ڕێژەی دانیشتوانی ناوچەکان و سەرژمێرییەکی روونتری تیادابێت یان ئەگەر ئەوانەی ناکرێن چاوەڕوان دەکەین لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنـــی وەزیران و ســـەرۆکایەتی حکومەتی عێراقی فیدراڵ، بڕیارێکی سیاسی تەوافوقی بگاتە ئەنجوومەنی نوێنەران و ئێمەش دەنگدانی بۆ بکەین، چونکە ئەگەر ئەوە نەکرێ ئەوا بەپێی راپۆرتێکی وەزارەتـــی پلاندانی عێراق ڕێژەی ١٤،٥٪ و راپۆرتی وەزارەتی دارایی ڕێژەی ١٣٪ بۆ هەرێمی کوردستان دیاری دەکرێ کە ئەمانە کێشەکانی چارەسەر ناکەن.

هەڵوێستی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەم بارودۆخەدا چییە؟ خاتوو کەمیلە باری ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ئەو رەوشەی دیاریکردنی بودجەی گشـــتی عێراق و ڕێژەی هەرێمی کوردســـتان گوتی.

لەدانیشـــتنی داهاتووی ئەنجوومەنی نوێنەراندا بۆ بڕیاردان لەســـەر بودجە هەڵوێستمان روون و پابەند دەبین بە رێنماییەکان و راپۆرتەکانی ئامادەکراون. بۆ ئەم مەبەستە یان چاوەڕوانی بڕیارێکی سیاسی کۆتایی دەکەین کە بە رێکەوتن کرابێت لەنێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان سەبارەت بە پشتیوانی و هاودەنگی لیستەکانی دیکەی ناوپەرلەمان, هەروەها خاتوو کەمیلەباری گوتی: بە پێچەوانەی لێکدانەوەکان و چاوەڕوانی لە هەندێك لیست و کوتلەی ناو پەرلەمان بۆ ئەم مەبەستە واتە لەدان پیانان بۆ دیاریکردنی ڕێژەی ١٧٪ بۆ هەرێمی کوردستان ئەوا حزبی فەزیلە و هەندێك لایەنی ئیسلامی و لیستی العراقیە لەگەڵماندان بە پێچەوانەی هەڵوێستی حزبی دەعوە و لیستی ئیئتلافی عێراقی کە لەگەڵ ئێمەدانین بۆ ئەو ڕێژەیە.

**راپۆرتێکی وەزارەتی پلاندانانی عێراقیمان پێگەیشتووە راپۆرتێکی وەزارەتی دارایی گەیشتووە کە ئەمەش ناکاتە هەمووی، چونکە ئێمە پێویستیمان بە راپۆرتێکە کە گشتی بێت و بۆچوونی فراوانتری لەخۆگرتبێت بە جۆرێك راپۆرتەکە گەر بکرێت ڕێژەی دانیشتوانی ناوچەکان و سەرژمێرییەکی روونتری تیادابێت یان ئەگەر ئەوانەی ناکرێن چاوەڕوان دەکەین لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی حکومەتی عێراقی فیدراڵ، بڕیارێکی سیاسی تەوافوقی بگاتە ئەنجوومەنی نوێنەران و ئێمەش دەنگدانی بۆ بکەین، چونکە ئەگەر ئەوە نەکرێ ئەوا بەپێی راپۆرتێکی وەزارەتی پلاندانی عێراق ڕێژەی ١٤،٥٪ و راپۆرتی وەزارەتی دارایی ڕێژەی ١٣٪ بۆ هەرێمی کوردستان دیاری دەکرێ کە ئەمانە کێشەکانی چارەسەر ناکەن**





# جێبەجێکردنی مافە دەستوورییەکانی کوردستان زامنی یەکپارچەیی و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەیە لە عێراقدا

جارێکی دیکە عێراق بە زەبری ئاگرو ئاسن حوکمڕانی ناکرێت، ئێستا عێراق لە دووریانی هەڵبژاردنی چارەنووسی خۆیدایە، یان ئەوەتا دەبێت بەپێی خواستی پێکهاتە سەرەکییەکان کە کوردی و عەرەبە و عەرەبیش ئێستا دابەش بووە بۆ سوننە و شیعە پێکبهێنرێتەوە و ڕێز لەسەرجەم نەتەوەو ئایینەکانی دیکەی عێراقیش بگیرێت.

یان ئەوەتا دەبێت چیدیکە هیچ لایەك بۆ یەکپارچەیی عێراق نەگری. گراهام فۆلەر کە یەکێکە لە ئەفسەرانی پێشووی دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا و یەکێکە لەو تۆژەرە بەناوبانگانەی کە پسپۆر و تایبەتمەندە لە سەر دۆسێی عێراق لە ساڵی ١٩٩٢ دیراسەتێکی بەناوونیشانی عێراقی ساڵی ٢٠٠٣ نووسیوە، واتە مەزەندەی ١٠ ساڵی لەو دیراسەتەدا پێشبینی کردووە و کۆی بۆچوونەکانی لەیەك ڕستەدا چڕکردۆتەونەوە «ئەگەر وڵاتێك بە زەبری هێز بە یەکگرتووی بمێنێتەوە شایستەی ئەوە نییە بە یەکگرتووی بمێنێتەوە». ئێستا دوای تێپەڕبوونی ١٥ ساڵ بەسەر ئەو پێشبینیەدا و دوای پێنج ساڵ بەسەر ڕووخانی ڕژێمی پێشوودا، هێشتا عێراق بەو ئاستە ڕێکنەخراوەتەوە کە شایستەی سەرجەم گەلانی عێراق بێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك:

١. هەموو ئەوانەی ئێستا لە بەغدا دەسەڵاتدارن، بەشێکیان پێشتر لە ریزی ئۆپۆزسیۆنی عێراق و لە دەرەوەی وڵات بوون و هەتا رۆژی ٩-٤-٢٠٠٣ کە هێزەکانی ئەمەریکا لە گۆڕەپانی فەردۆس پەیکەرەکەی دیکتاتۆری رووخاند لە دەرەوەی وڵات بوون و بەشێکی دیکەشیان هەر لەناو عێراقدا بوون و بەشێك بوون لە رژێمی پێشوو.

سەبارەت بەوانەی کە لەریزی ئۆپۆزسیۆنی عێراق بوون، قسەی ئێستایان و بەڵێنەکانی نێو کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنیان وەك یەك نییە، ئێستا کە لە گرین زۆن و لە ژێر چاودێری و پاسەوانی هێزەکانی ئەمەریکا گەیشتوونەتە دەسەڵات بەو جۆرە سەیری پێکهاتەکانی عێراق دەکەن، وەك ئەوان ساحێب ماڵ بن و پێکهاتەکانی دیکەش بیانی بن، بەشێوازێکی زۆر سەیر خواست و مافی پێکهاتەکانی دیکە دەکەن، بەتایبەتیش مافەکانی گەلی کوردستان.

٢. ئێستا حاکمەکانی نێو گرین زۆن، کورد بە ئۆپۆزسیۆن دەزانن و خۆیان بە حاکم، ئەوەیان لەبیر چۆتەوە کە هەرێمی کوردستان وەك بەشە ئارامە ئازادەکەی عێراق خاڵی دەسپێکی رووخاندنی رژێم و هێنانەکایەی ئەم رۆژەیە کە ئەوان تیایدا دەسەڵاتدارن.

٣. هەتا ئێستاش دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆ و ئۆپۆزسیۆنی دوێنێ نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیەتی قەومی عەرەبی و مەزهەبی بێتە دەرەوەو دیدێکی سەرتاپاگیر بۆ عێراقێکی نوێ کە نموونەی فرەیی و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە بێت دروست بکەن. هەربۆیە خواستی باڵادەستی و حکومەتی سەنترالی بەهێز، ئەوەی لەبیربردۆتەوە کە ناکرێت قوربانی دوێنێ بێتە جەللادی ئەمڕۆ.

لەم چوارچێوەیەدا کاتێك باس لە دەستوور و ئایندەی وڵاتێکی دیموکراتی و فیدرالی دەکەین، دەبینین بۆ تێکدانی هاوسەنگی تەکەتولاتی ناو بەرە شۆڤینیەکان، نەگۆڕە نیشتمانییەکان دەبێتە دژایەتی مافەکانی گەلی کوردستان و هەستیش دەکرێت کە لەلایەن دەسەڵاتدار سەری رەزامەندی بۆ دەلەقێنێت.

٤. هەرچۆنێك سەیری هاوکێشەی سیاسی ئەمڕۆی عێراق دەکەیت لە گۆڕینەوەی دیکتاتۆر بە دیکتاتۆر دەچێت، ئەوەی جێگەی سەرسامیشە ئیدارەی ئەمەریکی پشتگیرییەکی بێ مەرج و رەهای ئەو گۆڕینەوەیە دەکات و هەوڵدەدات لەسەر حسابی ئەم پێکهاتە و ئەو پێکهاتە دڵی زۆرینە رازی بکات، ئەمە لە کاتێکدا گۆڕینەوەی دیکتاتۆر بە دیکتاتۆر وڵاتێکی دیموکراتی لێ بەرهەم نایەت، بێجگە لە دووبارە بوونەوەی مێژوویەکی تاڵی خوێناوی کە زیاتر لە ٨٠ ساڵ بوو عێراقییەکان باجەکەیان دەدا.

## شەهرستانی
## بازووی دیکتاتۆری پیشانی کورد دەدات

باشترین نموونەی گۆڕینەوەی دیکتاتۆر بە دیکتاتۆر، لێدوان و رەفتارەکانی ئەم دواییەی حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراقە، لەمەش سەیرتر هەندێك ئاماژەی سەرۆك وەزیرانی عێراقە کە ئاماژە بەوە دەکات کێشەی نێوان حکومەتی بەغدا و حکومەتی هەولێر کێشەی یاساییە نەك سیاسی.

کورد دەخوازێت کێشە سیاسیەکانی لەگەڵ بەغدا بۆ هەتا هەتایە چارەسەرکرابێت، لەبەر ئەوەی کورد بێجگە لەو دەسەڵاتەی کە دەستوور بۆی دیاریکردووە و ئەو مافانەی کە لە دەستووردا بۆ کوردستان دیاریکراوە شتێکی دیکەی داوا نەکردووە و شتێکی دیکەی ناوێت، بەڵام ئەوەی حکومەتی عێراق بەدەستی شەهرستانی بەرامبەر کورد دەیکات، شێوازێکی لاساییکردنەوەی دیکتاتۆری پێشووە، لانی کەم ئەگەر کورد لەسەر هەقیش نەبێت، بەڵام خۆ دادگای باڵای دەستووری ماوە بۆ ئەوەی کێشەی گرێبەستە نەوتیەکانی هەرێمی کوردستان بەلایەکدا بخات، ئەوجا ئەگەر کورد بە یەکلاییکردنەوەی دادگای باڵای دەستووری قایل نەبوو، ئەوا شەهرەستانی مافی خۆی بوو تەواو قۆڵی لێ هەڵبکات و نمایشی هێزی دیکتاتۆری خۆی بکات.

## ئەگەر دەستوور رێگە چارەبێت ئەوا هەر دەستووریش نەخشەی یەکپارچەیی عێراق دەبێت

بە تەنیا گۆڕینی رژێمێك بە رژێمێکی دیکە چارەسەری بارودۆخی عێراق ناکات، بۆ کوردیش چ عەرەبێکی سوننە لە دەسەڵاتدا بێت یان عەرەبێکی شیعە لە دەسەڵاتدا بێت گرنگیەکی ئەوتۆی نابێت، ئەوەی بۆ هەموو لایەك گرنگە ئەویە هەرکەس سەرۆك وەزیرانی عێراق بێت، دەبێت دەستوور بە کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکان بزانێت، ئەمەش بەو مانایە بونیادنانەوەی عێراقی نوێ پێویستی بە گۆڕینی بیرکردنەوەو تێڕوانینی گشتگیری سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی عێراق هەیە بۆ بونیادنانەوەی عێراقێکی یەکگرتوو دیموکراسی و فیدراڵی و پەرلەمانی، کورد دەمێکە ئەو راستیەی بە هەموو لایەك راگەیاندووە، ئەو دەستوورەی لە ٪٨٠ ی زیاتری عێراقییەکان دەنگیان بۆ داوە زامنی یەکپارچەیی عێراق و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەی سەرجەم لایەنەکانە.

هەربۆیە دەبێت هەموو لایەك ئەم مەسەلەیە بەو ئاستە بە جدی وەربگرن کە ئەو دەستوورە نەما، نەخشەی عێراقێکی یەکگرتووش نامێنێت و ئەگەر ئەمە ببێتە کارەساتیش ئەوا هەموو لایەك دەگرێتەوە.

**هەرکەس سەرۆک وەزیرانی عێراق بێت، دەبێت دەستوور بە کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکان بزانێت**

### پرۆفیسۆر مایكل ماركس لە زانكۆی یۆڵمەت لە ئەمەریكا بۆ گوڵان:

# دەبێت ئەمەریكا بەشێوازێكی پراگماتیكییانە مامەڵە لەگەڵ حكوومەتی مالكی بكات



■ پرۆفیسۆر مایكل ماركس ئوستادی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكانە لە زانكۆی یۆلمەرت willamelte لە ئەمەریكاو پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ئەمەریكاو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان هەروەها پسپۆرە لەسەر كاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراقیش سەبارەت بە رەوشی ئەمرۆی سیاسەتی ئەمەریكا بەرامبەر عێراق و ناوچەكە گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر مایكل ماركس كردو بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی گوڵانی دایەوە. ■

●●●
پێمواية دەبێت ئەمەریكا شێوازێكی پراگماتیكی بگرێتەبەر لە ئاست حكوومەتی عێراقدا
●●●

**دەبێت ئەمەریكا لە ئاست حكوومەتی عێراقدا شێوازێكی پراگماتیكی بگرێتەبەر**

***زۆرێك لە شارەزایان پێیان وایە هۆكاری چەقبەستنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا پشتگیرییەكی رەها و بێ مەرج لە سەرۆك وەزیرانی عێراق دەكات، ئەمەش سەرۆك وەزیرانی وا لێكردووە گوێ بە خواستی لایەنەكانی دیكە نەدات. ئایا هاوڕانیت لەگەڵ ئەو بۆچوونەی دەڵێت پێویستە ئەمەریكا پشتگیرییەكی سنووردار و مەرجداری هەبێت بۆ حكوومەتی مالیكی؟**

- ئەمەریكا هەمان هەڵویست و رەوتی لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوای دوای جەنگی جیهانی دووەمدا گرتەبەر هەروەها لەگەڵ یاباندا. من پێموایە نابێت حكوومەتی عێراقی ئەو گرووپانە لە خۆبگرێت كە هاوسۆزن لەگەڵ ئەو هێزە دەرەكیانەی دەیانەوێت حكوومەتی عێراقی لاواز بكەن. من لەگەڵ ئەوەدانیم مەرجی راشكاو و دیاریكراوی هەبێت بۆ حكوومەت بە چەشنێك گەر حكوومەت پێشێلی كردن ئەوا ئەمەریكا وەڵامی هەبێت.

من پێمواية دەبێت ئەمەریكا شێوازێكی پراگماتیكی بگرێتەبەر لە ئاست حكوومەتی عێراقدا.

*** زۆربەی چاودێران هاوڕان لەسەر ئەوەی ولآتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا ناتوانێت بەرگەی شكستهێنانی سیاسەتەكەی لە عێراقدا بگرێت، لەبەر ئەوە تەنها رێگا چارەی بەردەمی بەدەستهێنانی سەركەوتنە لە عێراقدا بەتایبەتی بەرەوپێشبردنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا. چۆن دەكرێت ئەمەریكا لە سیاسەتەكەیدا سەركەوتوو بێت و ئەو ئامانجە بەدەست بهێنێت؟**

- لە رێی پشتیوانیكردن لە حكوومەتە هەڵبژێردراوەكەی عێراق و هاندانی هەموو لایەنەكانی ناو پەرلەمان بۆ ئەوەی جیاوازی و ناكۆكییە تائیفییەكانیان بخەنە لاوە و كار بۆ بەرژەوەندی عێراق بكەن.

***ولآتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا كاریگەرییەكی زۆری هەیە بەسەر بارودۆخی سیاسی و سەربازی عێراقەوە، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیووە هەڵبستێت بە رێكخستنەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا. ئەمەریكا لەو رووەوە دەتوانێت چ بكات؟**

- من پێمواية ولآتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا دەتوانێت رۆڵی هەبێت لە گۆڕینی پرۆگرامەكانی خوێندن بۆ قوڵكردنەوەی هۆشیاری بە بنەماكانی دیموكراسی و كردنی پەروەردەی مەدەنی بە بەشێك لە پرۆگرامەكانی پەروەردەی قوتابخانەكان.

***كێشەیەك هەیە لە عێراقدا كە پێویستیان بە چارەسەری بە پەلە هەیە، وەك پەسەندكردنی یاسای نەوت و پێكهێنانەوەی حكوومەت بەشێوەیەكی هەموو لایەنەكان بەشداری تێدا بكەن. لەبەر ئەوەی ئێستا سوننەكان لە دەرەوەی حكوومەتدان. چۆن ولآتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا هێز و توانای خۆی بۆ یەكلاكردنەوەی ئەو كێشانە بەكار دەهێنێت؟**

- پێویستە ولآتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا خەڵكی عێراق هان بدات بۆ ئەوەی شێوازگەلێكی دیاریكراو بدۆزنەوە تاوەكو لەسەر سیاسەتی دەركردنی بڕیارەكان كاریگەرییان هەبێت ئەگەرچی لە حكوومەتدا بەشدار نەبن. واتە دەبێت رێگاگەلێكی دیاریكراو بگرنەبەر بۆ ئەوەی كاریگەرییەكی نارەسمیان هەبێت لەسەر سیاسەتەكانی حكوومەت.

***كوردەكان خۆیان بە دۆست و هاوپەیمانی ولآتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا دەزانن، بەڵام وا هەست دەكەن ئەمەریكا ئەوانی فەرامۆش كردووە. هۆكاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- من تەنها ئەوەندە دەڵێم ئەوەندەی پەیوەندی بە نیگەرانییەكانی توركیاوە هەبێت لە ئاست دانیشتوانە كوردەكەی، ئەوا توركیا ئەندامی رێكخراوی ناتۆیە و ئەمەریكا لەگەڵ ئەندامانی دیكەی ئەو رێكخراوەدا و لەو چوارچێوەیەدا توركیا هان بدات بۆ ئەوەی سیاسەتێكی بنیاتنەرانە بگرێتەبەر و ئارامی و ئاسایشی عێراق دووچاری هەڕەشە و مەترسی نەكاتەوە.

## پێویستە ئەمەریكا هەوڵبدات پەیوەندی باش لەگەڵ هەموو لایەن و گروپە جیاوازەكانی عێراقدا بپارێزێت

***گەر پەیوەندییەكانی كورد و ئەمەریكا بەرەو خراپ بوون بچن و چیتر كوردەكان خۆیان بە هاوپەیمانی ئەمەریكا نەزانن، ئایا ئەمە چ رەنگدانەوەیەكی خراپی لەسەر سیاسەتی ئەمەریكا دەبێت لە عێراقدا؟**

-من پێمواية پێویستە ولآتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا هەوڵبدات پەیوەندیگەلی باش لەگەڵ هەموو لایەن و گروپە جیاوازەكانی عێراقدا بپارێزێت، لەبەر ئەوەی بە پێچەوانەوە بارودۆخەكە بەرەو ئاڵۆزی و خراپ بوون دەچێت.

***تێڕوانینی ئێوە چییە لەسەر چەسپاندنی فیدراڵییەت لە عێراقدا كە بەخشینی دەسەڵاتگەلێكی فراوان بە هەرێمەكان و هێشتنەوەی حكوومەتێكی ناوەندی سنووردار لەخۆدەگرێت؟**

- بوونی سیستمی فیدراڵی و ئۆتۆنۆمی بۆ هەرێمەكان لەگەڵ بنەماكانی دیموكراسیدا دەگونجێن.

## لەو باوەڕەدانیم عێراق لەهەڵبژاردنەكاندا مەسەلەیەكی یەكلاكەرەوە بێت نە بۆ دیموكراتەكان و نە بۆ كۆمارییەكان

***گەر پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا شكستی هێنا، ئایا ئاكامەكانی چی دەبن، بە تایبەتی لەسەر دەرئەنجامی هەڵبژاردنە سەرۆكایەتییەكانی ئەمەریكا؟**

- من پێمواية هێشتا زووە باس لە ئاكامە درێژخایەنەكانی بكەین. ئەوەی پەیوەندی بە هەڵبژاردنەكانی ئەمەریكا هەبێت من لەو باوەڕەدانیم عێراق مەسەلەیەكی یەكلاكەرەوە بێت نە بۆ دیموكراتەكان و نە بۆ كۆمارییەكان لەبەر ئەوەی مەسەلەگەلێكی دیكە هەن كاریگەرییان هەیە لەسەر دەرئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانە.

**ئەمەریكا دەتوانێت رۆڵی هەبێت لە گۆڕینی پرۆگرامەكانی خوێندن بۆ قوڵكردنەوەی هۆشیاری بە بنەماكانی دیموكراسی و كردنی پەروەردەی مەدەنی بە بەشێك لە پرۆگرامەكانی پەروەردەی قوتابخانەكان**

**لەو باوەڕەدانیم عێراق مەسەلەیەكی یەكلاكەرەوە بێت نە بۆ دیموكراتەكان و نە بۆ كۆمارییەكان لەبەر ئەوەی مەسەلەگەلێكی دیكە هەن كاریگەرییان هەیە لەسەر دەرئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانە**

## پرۆفسیۆر یۆسۆ ماکلبێرگ
## پسپۆر لە سەر کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئامۆژگای چاتام هاری بۆ گوڵان:



# عێراقییەکان بێجگە لە ڕێککەوتن ئەلتەرناتیڤی دیکەیان لەبەردەمدا نییە

■ پرۆفیسۆر یۆسۆ ماکلبێرگ یەکێکە لەو پسپۆرو تایبەتمەندانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق لە ئامۆژگای پادشایەتی چاتام هاری لە بەریتانیا، بواری تایبەتمەندیش بریتییە لە :

* سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا
* پرۆسەی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
*سیاسەت و مێژووی ئیسرائیل
*شۆڕش و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان
* سیاسەت و بەرەو پێشەوەچوون

پرۆفسیۆر ماکلبێرگ کە چەندین جاری دیکەش لێدوانی تایبەتی بۆ گوڵان هەبووە، ئەمجارەش سەبارەت بە پرسی عێراق و سیاسەتی ئەمەریکا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی. ■

**پرسیار ئەوەیە ئایا عێراق دەتوانێت بە یەکگرتووی بمێنێتەوە؟ ئایا پێکهاتەکانی عێراق دەتوانن بگەنە کۆدەنگی؟**

***ئەو گۆڕانکارییانە چین لە عێراقدا ڕوویان داوە؟ چۆن بارودۆخی عێراق دەبینیت؟ تێبینیەکانت چین بۆ عێراق لە ساڵی ٢٠٠٨دا؟**

*دوای زیادکردنی ژمارەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا چالاکییەکانی یاخیبووان کەمبوونەتەوە و ئاستی توندوتیژی داکشانی بە خۆوە بینیوە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا عێراق دەتوانێت لە مەودای دووردا

●●●
گەر هیلاری کلینتۆن لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت ئەوا ڕەنگە بە شێوەیەکی قۆناغ بە قۆناغ هێزەکان بکشێنێتەوە
●●●

بە یەکگرتووی بمێنێتەوە، ئایا پێکهاتەکانی عێراق دەتوانن بگەنە کۆدەنگی، هەروەها توانای ئەم وڵاتە بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانە لە ماوەی دووردا بێ بوونی نزیکەی ٢٠٠،٠٠٠ سەربازی هێزە دەرەکییەکان، کە من لەو باوەڕەدانیم عێراق لەم رووەوە لە ساڵی ٢٠٠٨دا بە شێوەیەکی بەرچاو لە ساڵی ٢٠٠٧ باشتر بێت. پرسیارە بنەڕەتیەکە ئەوەیە ئایا حکومەتێکی سەقامگیر لە عێراقدا جێگیر دەبێت کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو پارێزگاکانی وڵاتەکەدا هەبێت، بە تایبەتی دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگرین کە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ئەمەریکادا ساز دەکرێت و ئەگەری ئەوە هەیە سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا بریاری کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بدات لە عێراقدا.

**ئەگەر هیلاری کلینتۆن سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا بێت ئەوا رەنگە بە شێوەیەکی قۆناغ بە قۆناغ هێزەکان لەعێراق بکشێنێتەوە**

***ئایا کاریگەری و رەنگدانەوەی کێشەی عێراق لەسەر هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ئەمەریکا چی دەبێت؟**

- کێشەی عێراق لەسەرو کێشەکانی دیکەوە نایەت لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکادا و نەبۆتە ئەولەویەت نە لە لایەن سیاسەتمەدارەکان (بە دیموکرات و کۆمارییەکانەوە) و نە لەلایەن دەنگدەرەکانەوە، بەڵکو کێشەی دیکە بۆنەتە جێی مشت و مڕ وەك خانەنشینی و تەندروستی و گۆڕانی کەش و هەوا. بەڵام پێویستە سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا بڕیارێکی ستراتیژی بدات ئایا هێزەکانی بۆ ماوەیەکی دوور مەودا لە عێراقدا دەهێڵێتەوە یاخود بە پێچەوانەی ستراتیژییەتەکەی سەرۆك بۆش رەفتار دەکات و بڕیار دەدات هێزەکان بکشێنێتەوە، مەرج نییە بەشێوەیەکی کتوپڕ بێت رەنگە بە شێوەیەکی قۆناغ بە قۆناغ بێت. ئەوە گەورەترین بڕیارە کە سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا بیدات، گەر جۆن مەککەین ببێتە سەرۆکی داهاتوو ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە هێزەکان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بهێڵێتەوە لەبەر ئەوەی پشتیوانی لە ستراتیژییەتی زیادکردنی هێزەکان کرد، گەر ئۆباما بوو بە سەرۆکی داهاتوو ئەوا هەروەك رایگەیاندووە دەست بە کشاندنەوەی هێزەکان دەکات، بەڵام گەر هیلاری کلینتۆن لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت ئەوا رەنگە بە شێوەیەکی قۆناغ بە قۆناغ هێزەکان بکشێنێتەوە لەبەر ئەوەی پێشر پشتگیری لە شەڕەکە کرد بەڵام دوای رەخنەی لێگرت لەبەر ئەوەی پشتی بە زانیاری هەڵە بەستبوو.

**ئەگەر ئەمەریکا ناچار بێت لە نێوان تورکیا و کوردەکاندا هەڵبژاردن بکات ئەوا بە داخەوە ئەمەریکا لە بەرژەوەندی تورکیا بڕیار دەدات**

***کوردەکان خۆیان بە هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەزانن، بەڵام دوای هەڵکردنی تیشکی سەوز لە لایەن ئەمەریکاوە بۆ تورکیا بۆ ئەوەی سنووری هەرێمی کوردستان ببەزێنێت، هەست دەکەن ئەمەریکا کوردەکانی پشتگوێ خستوە. ئایا لەو باوەڕەدایت سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست کوردەکاندا گۆڕابێت؟**

-دوایین جار کە پێکەوە گفتوگۆمان کرد، ئەوەم روونکردەوە کە لە سایەی هاوسەنگی هێزدا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناچار بێت لە نێوان تورکیا و کوردەکاندا هەڵبژاردن بکات ئەوا بە داخەوە ئەمەریکا لە بەرژەوەندی تورکیا بڕیار دەدات، لەبەر ئەوەی تورکیا هاوپەیمانێکی گەورە و گرنگە و ئەمەریکا پێویستی بە تورکیا هەیە بۆ پاراستنی سەقامگیری ناوچەکە. ئەوەی پەیوەندی بە کوردەکانەوە هەبێت ئەوا گەر کوردەکان هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی هەڵبگرن ئەوا تورکیا هەست بە هەڕەشە دەکات، بۆیە پێویستە کوردەکان هەوڵبدەن لە چوارچێوەی عێراقدا سەربەخۆی بەدەست بهێنن.

***چۆن ئەمەریکا دەتوانێت هاوسەنگی بپارێزێت لە نێوان کورد و تورکیادا؟**

- من پێم وایە هەمیشە هاوسەنگیەکە لە بەرژەوەندی تورکیا دەبێت و ئەمەریکا پشتگیری لە خواست و داخوازیەکانی کوردەکان دەکات لە چوارچێوەی عێراقدا. زەحمەتە پێشبینی ئەوە بکەین ئەمەریکا پشتگیری لە مافی چارەی خۆنوسینی کوردەکانی ناو تورکیا بکات.

**بەدیلی ناکۆکی و رێکنەکەوتن دەرەئەنجامی مەترسیداری لێدەکاتەوە.**

***چەند کێشەیەك هەیە لە عێراقدا کە پێویستیان بە ناورلێدانەوەی بە پەلە هەیە، وەك پەسەندکردنی یاسای نەوت و پێکهێنانەوەی حکومەت بە شێوەیەکی هەموو لایەنەکان بەشداری تێدا بکەن. لەبەر ئەوەی ئێستا سوننەکان لە دەرەوەی حکومەتدان. چۆن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هێز و توانای خۆی بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانە بەکار دەهێنێت؟**

- لە راستیدا ئەوە تەحەددا گەورەکانی بەردەم عێراقن، تەحەددای خولقاندنی کۆدەنگیەك لە ناو عێراقیەکاندا و تەحەددای خولقاندنی بارودۆخێك کە حکومەتی عێراقی بتوانێت بە راستی حکومڕانێتی بکات و دام و دەزگا پێویستەکان دابمەزرێنێت و بیانخاتەگەڕ. ئەوەش پرۆسەیەکی سەخت و دروودرێژە و ناکرێت لە شەوو

گەر جۆن مەککەین ببێتە سەرۆکی داهاتوو ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە هێزەکان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بهێڵێتەوە لەبەر ئەوەی پشتیوانی لە ستراتیژییەتی زیادکردنی هێزەکان کرد، گەر ئۆباما بوو بە سەرۆکی داهاتوو ئەوا هەروەك رایگەیاندووە دەست بە کشاندنەوەی هێزەکان دەکات

رۆژێكدا بهێنرێتەدی و پێویستی بە پشو درێژیە.

***زۆرێك لە شـارەزایان پێیان وایە هۆكاری چەقبەستنی پرۆسەی سیاسـی لە عێراقدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا پشتگیرییەكی ڕەها و بێ مەرج لە سەرۆك وەزیرانی عێراق دەكات، ئەمەش سەرۆك وەزیرانی وا لێكردوە گوێ بە خواستی لایەنەكانی دیكە نەدات. ئایا هاوڕانیت لەگەڵ ئەو بۆچونەی دەڵێت پێویستە ئەمەریكا پشتگیرییەكی سنوردار و مەرجداری هەبێت بۆ حكومەتی مالیكی؟**

- هەرچەنـدە عێراق یەك وڵاتە بـەڵام نەتەوە و گروپی جیاوازی تێدا دەژی، واتە گروپی جیاواز هەیە كە خاوەنی بەرژەوەندی جیـاوازن كە دەبێت حكومەت ئەم خواسـت و بەرژەوەندیـە جیاوازانـە لەبەر چاو بگرێـت و ڕێزیان لێبگرێت، كە بۆ پاراسـتنی یەكگرتووی وڵاتەكە دەبێت مافی ئۆتۆنۆمی بە گـروپ و پێكهاتە جیاوازەكان ڕەوا ببینێت. ئەوەش بڕیارە سەخت و تەحەددا گەورەكەی بەردەم عێراقە.

***ڕۆڵـی بارزانی چۆن هەڵدەسـەنگێنیت؟ ئایا پێت وایە ڕۆڵێكی ئیجابی دەبینێت لە عێراقدا؟**

- ئـەوە مەسـەلەیەكی زۆر زۆر گرنگـە، لەبەر ئەوەی دەبێت هەمـوو پێكهاتەكان پێكەوە كاربكـەن و پێكەوە هەماهەنگـی و هاریكاری بكـەن. گرنگە كـوردەكان بەو گیانەوە لـە ناو یەكدا كاربكەن و گرنگە بارزانیش لـە چوارچێوەی عێراقدا بە هەمان ڕوحیەتـەوە لەگەڵ لایەنـەكان و پێكهاتەكانی دیكـەدا كاربـكات. لەبەر ئەوەی بەدیلـی ناكۆكی و ڕێكنەكەوتن دەرەنجامی مەترسیداری لێدەكەوێتەوە.

**ئەمەریكا ڕووبەڕووی باروودۆخێكی زۆر سەخت لە عێراقدا بۆتەوە لەوانەیە نەتوانێت دۆستایەتی و هاوپەیمانێتی لەگەڵ هەموو لایەكدا بپارێزێت**

***گەر پەیوەندییەكانی كورد و ئەمەریكا بـەرەو خراپ بـون بچن و چیتر كوردەكان خۆیـان بە هاوپەیمانی ئەمەریـكا نەزانن، ئایا ئەمە چ ڕەنگدانەوەیەكی خراپی لەسەر سیاسەتی ئەمەریكا دەبێت لە عێراقدا؟**

- من پێم وایـە ئەمەریكا ڕووبەڕووی باروودۆخێكی زۆر سەخت بۆتەوە لە عێراقدا لەبەر ئەوەی پێدەچێت نەتوانێت دۆسـتایەتی و هاوپەیمانێتی لەگـەڵ هەموو لایەكدا بپارێزێت و هەموو لایەك ڕازی بكات بە چەشنێك زۆر جار هێشتنەوەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنێكی دیاریكراودا لە سـەر حسابی پەیوەندی و دۆستایەتیەكەیەتی لەگەڵ لایەنێكی دیكەدا. كە ڕەنگـە ئەمەش ئەمەریكا ناچار بكات كێشەكان بۆ عێراقیەكان خۆیان جێبهێڵێت بۆ خودی عێراقیەكان خۆیـان تاوەكو بە پشـتیوانی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی كێشەكانیان چارەسەر بكەن.

***خواست و داخوازی كوردەكان لە پەسەندكردنی یاسای نـەوت و مووچەی هێزی پێشـمەرگە و جێبەجێكردنی مـاددەی ١٤٠دا خۆی دەبینێتەوە، بـەڵام كوردەكان لە هەڵوێستی حكومەتی ناوەندی نائومێد و نیگەرانن. ئایا پێویستە كوردەكان بە چ شێوەیەك ڕەفتار بكەن بۆ ئەوەی ئەو كێشانە لەگەڵ حكومەتی ناوەندیدا یەكلابكەنەوە؟**

- من پێم وایە پێویسـتە كوردەكان بڕیـار لە بارەی ئایندەی خۆیانەوە بدەن، مەبەستم ئەوەیە دەبێت ئـەوە یەكلابكەنەوە ئایا دەیانەوێـت لـە چوارچێوەی عێراقـدا بمێننـەوە یاخـود هەوڵی جیابونەوە بدەن و بەرەو سـەربەخۆیی هەنگاو بنێنن. ئەوەش مەسـەلەیەكە دەبێت كوردەكان خۆیـان بڕیاری لە بـارەوە بدەن ئایـا پێیان وایە خواسـت و ئامانجەكانیان لە چوارچێوەی عێراقدا دێتەدی بە چەشـنێك بتوانن ناسنامە و سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن یاخود بە پێچەوانەوە بڕیاری جیابوونەوە لە عێراق بدەن.



***گـەر شـتێكت مابێت بۆ خوێنەری گۆڤارەكەمان؟**

من تەنیا هیوای كەمبوونەوەی توندوتیژی دەخوازم و ئومێدەوارم كوردەكان و خەڵكانی دیكەی عێراق ئایندەیەكی پڕ لە ئاشتی و خۆشگوزەرانیی هەبێت.

**گەر كوردەكان هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی هەڵبگرن ئەوا توركیا هەست بە هەڕەشە دەكات، بۆیە پێویستە كوردەكان هەوڵبدەن لە چوارچێوەی عێراقدا سەربەخۆیی بەدەست بهێنن**

**زەحمەتە پێشبینی ئەوە بكەین ئەمەریكا پشتگیری لە مافی چارەی خۆنوسینی كوردەكانی ناو توركیا بكات**

## پرۆفیسۆر مێچل کۆب لە زانکۆی نورس کارۆلینا بۆ گوڵان:

# بۆچوونی ئەمەریکا ئەوەیە دەبێت کوردو شیعەو سوننە سازش بکەن



■ پرۆفیسۆر مێچل کۆب ئوستادی سیاسەتە لە زانکۆی نورس کارۆلینا پسپۆرو تایبەتمەندە لە مەسەلەی بونیادی ئاشتی و کاریگەری میدیا لەسەر شەڕەکان بەگشتی و شەڕی عێراق بەتایبەتی.
پرۆفیسۆر کۆب لەسەر کاریگەری میدیا لە شەڕی عێراق کتێبێکی هەیە بە ناونیشانی »قوربانییەکانی شەڕ« میدیا، بۆچوونەکان لەسەر شەڕی عێراق.
سەبارەت بە بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتی گوڵاندا بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو.■

***چۆن هەڵوێست و سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا هەڵدەسەنگێنیت؟**

- هەڵوێست و سیاسەتی ئەمەریکا لە مەودای دووردا دەوەستێتەسەر دەرئەنجامی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکان، بەڵام حاڵی حازر ئەمەریکا هەوڵی پشتیوانیکردنی حکوومەتی مالیکی دەدات بۆ ئەوەی دەرفەتی بۆ برەخسێنێت تاوەکو بتوانێت کێشە ناوخۆییەکان چارەسەربکات.

***زۆربەی چاودێران هاوڕان لەسەر ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناتوانێت بەرگەی شکستهێنانی سیاسەتەکەی لە عێراقدا بگرێت، لەبەر ئەوە تەنها رێگا چارەی بەردەمی بەدەستهێنانی سەرکەوتنە لە عێراقدا بەتایبەتی بەرەوپێشبردنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا. چۆن دەکرێت ئەمەریکا لە سیاسەتەکەیدا سەرکەوتوو بێت و ئەو ئامانجە بەدەست بهێنێت؟**

- ئەوە پرسیارێکی گەورەیە، هەڵوێستی ئیدارەی ئەمەریکا ئەوەیە کە تا چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی کێشەکان و تاوەکو ئاشتی دەچەسپێت ئێمە لە عێراقدا دەمێنینەوە. پرسیارگەلێکی گەورە هەیە دەربارەی ئەوەی ئایا ئەم هەڵوێستەی ئەمەریکا یارمەتیدەرە یاخود بە پێچەوانەوە زەرەر لەو پرۆسەیە دەدات؟. کە زۆر سیاسەتمەدار لە ئەمەریکادا دڵنیانین ئایا ئەمەریکا بەو هەڵوێستەی هاوکاری دەکات یاخود نارەزایی دروست دەکات.

***چۆن هەوڵەکانی حکوومەتی عێراق دەبینیت لە سەقامگیرکردنی بارودۆخی عێراقدا؟**

-ئەوەی سیاسەتمەدارە ئەمەریکییەکان باوەڕیان پێیەتی یاخود دەیڵێن ئەوەیە کە پێویستە ئاشتبوونەوەیەك لە نێوان گروپ و ئیتنە جیاوازەکاندا ئەنجام بدرێت، هەروەها ئەو سیاسەتمەدارانە باوەڕیان وایە کە ئەمەریکا دەتوانێت سەرکردە سیاسییەکانی عێراق ناچار بکات بۆ ئەوەی ئەو هەنگاوە بنێن و جیاوازییەکانیان چارەسەر بکەن. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەمەریکا دەتوانێت تا چ رادەیەك یارمەتی ئەو پرۆسەیە بدات.

### راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان پشتگیری حکوومەتی مالیکی و فشار خستنەسەر لایەنەکان بۆ ئەوەی هەموو لە حکوومەتدا بەشداری بکەن بۆتە تەنگژەیەک بۆ ئەمەریکا

*** زۆرێك لە شارەزایان پێیان وایە هۆکاری چەقبەستنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتگیرییەکی رەها و بێ مەرج لە سەرۆك وەزیرانی عێراق دەکات، ئەمەش سەرۆك وەزیرانی وا لێکردووە گوێ بە**

●●●
**باوەڕم وایە ئیدارەی نوێی ئەمەریکا تەنانەت گەر دیموکراتەکانیش بەدەستی بهێنن ئەوا ناتوانێت بەشێوەیەکی کتوپڕ و پێشوەختە هێزەکان لە عێراقدا بکشێننەوە، ئەوە بیرکردنەوەیەکی ساویلکەیانەیە**
●●●

**خواستی لایەنەكانی دیكە نەدات. ئایا هاوڕانیت لەگەڵ ئەو بۆچوونەی دەڵێت پێویستە ئەمەریكا پشتگیرییەكی سنووردار و مەرجداری هەبێت بۆ حكوومەتی مالیكی؟**

- ئەمەریكا خوازیاری پێكهێنانی حكوومەتێكی بەهێزە و نایانەوێت عێراق بەرەو لێكترازان و لەبەریەكهەڵوەشان بچێت، بەڵام لە هەمانكاتدا ئەمەریكا دەیەوێت مالیكی لەگەڵ هەموو لایەن و پێكهاتەكانی دیكەی عێراقدا كاربكات كە حاڵی حازر بارودۆخەكە بەو شێوەیە نییە. ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان پشتگیریكردن لە حكوومەتی مالیكی و فشار خستنەسەری بۆ ئەوەی هەموو لایەك بەشداری پێبكات لە حكوومەتدا بۆتە تەنگژەیەك بۆ سەركردەكانی ئەمەریكا، كە هەندێ لەو باوەڕەدان پێویستە هەندێ مەرجی دیاریكراو و بگرە فشاریش بخرێتەسەر حكوومەتەكە لەبەر ئەوەی تا ئێستا كارێكی زۆری ئەنجام نەداوە.

## ئەمەریكا ئامرازگەلێكی سنوورداری لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی دەستڕویشتوو كاریگەر بێت لەسەر حكوومەتی عێراقی

***ئێستا چەند كێشەیەك هەیە لە عێراقدا كە پێویستیان بە ئاوڕلێدانەوەی بەپەلە هەیە، وەك پەسەندكردنی یاسای نەوت و پێكهێنانەوەی حكوومەت بەشێوەیەك هەموو لایەنەكان بەشداری تێدا بكەن. ئایا چۆن ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا هێز و توانای خۆی بۆ یەكلاكردنەوەی ئەو كێشانە بەكار دەهێنێت؟**

- دیسانەوە ئەوە تەنگژەیەكە بۆ خۆی، گەر ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا پێكهاتەیەكی نوێی حكوومەت بسەپێنێت ئەوا لەلایەن عێراقییەكانەوە بەرهەڵستی دەكرێت و مافی خۆشیانە. من پێموایە زەحمەتە بۆ هێزە دەرەكییەكان بتوانن پێكهاتەیەكی نوێی حكوومەت بسەپێنن و ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكاش خوازیاری ئەوە نییە. ئەمەریكا دەتوانێت لە ڕێی قەناعەت پێهێنان و دابینكردنی یارمەتی دەرەكی و تەنانەت هەڕەشەی كشاندنەوەی هێزەكانی كاریگەری لەسەر حكوومەت هەبێت، هەرچەندە لەو باوەڕەدانیم ئەمەریكا هەڕەشەی كشاندنەوەی هێزەكانی بكات لەبەر ئەوەی پێی وایە هێشتا كاتی نەهاتووە و نایەوێت ئەو هێزانە پاشەكشە پێبكات. واتە ئێمە ئامرازگەلێكی سنووردارمان لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی دەستڕۆیشتوو و كاریگەر بین لەسەر حكوومەتی عێراقی.

## ئیدارەی نوێی ئەمەریكا تەنانەت گەر دیموكراتەكانیش بن ناتوانن بەشێوەیەكی كتوپڕ و پێشوەختە هێزەكان لە عێراقدا بكشێننەوە

***پێشبینییەكانت چییە بۆ هەڵبژاردنەكانی ئەمەریكا؟ پێتوایە لەكاتی بەدەستهێنانی سەركەوتن لەلایەن دیموكراتەكانەوە هەڵبستن بە كشاندنەوەی ڕاستەوخۆی هێزەكانی ئەمەریكا؟ پێتوایە عێراق بەهێزترین كارتی هەڵبژاردنە سەرۆكایەتییەكەی ئەمەریكایە؟**

- من پێموایە پتر مشتومڕ لە بارەی چۆنییەتی بەڕێوبردنی شەڕەكەوە دەكرێت، بەتایبەتی دیموكراتەكان باس لەوە دەكەن كە چۆن ئیدارەكەی سەرۆك بۆش بارودۆخەكەی خراپتر كردووە و چەندین هەلی لە دەستداوە. من باوەڕم وایە ئیدارەی نوێی ئەمەریكا تەنانەت گەر دیموكراتەكانیش بەدەستی بهێنن ئەوا ناتوانێت بەشێوەیەكی كتوپڕ و پێشوەختە هێزەكان لە عێراقدا بكشێننەوە، ئەوە بیركردنەوەیەكی ساویلكەیانەیە، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە ئەمەریكییەكان هەست بە بەرپرسیارێتی دەكەن لە ئاست عێراقدا و پێیان وایە زۆرێك لە كێشەكان بەهۆی خراپ بەڕێوەبردنی ئەمەریكاوە بۆ بارودۆخەكە خوڵقاوە.

## هاوسەنگی و سازشكردن زەحمەتە هەندێ جار لە خیانەتیش دەچێت

***كوردەكان خۆیان بە دۆست و هاوپەیمانی ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا دەزانن، بەڵام وا هەست دەكەن ئەمەریكا ئەوانی فەرامۆش كردووە لە پێناو ڕازیكردنی توركیادا و ڕێكخستنەوەی هەڵویستەكانی لە ناوچەكەدا، بۆ نموونە ڕێگەی بە توركیادا تاوەكو سنووری هەرێمی كوردستان ببەزێنێت و هێرشی سەربازی ئەنجام بدات. هۆكاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- من پێموایە پشتگیری ئەمەریكا بۆ كوردەكان سنووردارە، لەبەر ئەوەی توركیاش هاوپەیمانێكی گرنگ و بەهێزی ئەمەریكایە. ئەمەریكا هەوڵدەدات هاوسەنگییەك لە نێوان هەردوو هاوپەیمانەكەیدا بهێنێتەدی لە نێوان كورد و توركیادا. ئەمەریكا پشتگیری لە كوردەكان دەكات گەر سنووریان تێنەپەڕاند. لەلایەكی دیكەوە ئەمەریكا باوەڕی بە سازشكردن هەیە كە ئەوە بەشێكە لە سیستمی سیاسی ئەمەریكا، واتە هەموو لایەك دەبێت دەست لە بەشێك لە داواكارییەكانیان هەڵبگرن. ناوچەی كوردەكان نموونەیەكی باشە لە پاراستنی ئاشتی و ئارامیدا، دوودڵی ئەمەریكاش لەوەی پشتگیرییەكی تەواوی كوردەكان بكات بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەرژەوەندی و ناوچەی دیكەش لە عێراقدا هەن كە پێویستیان بە بایەخپێدان هەیە. كەواتە هێنانەدی هاوسەنگی و سازشكردن زەحمەتە و هەندێ جار لە خیانەتیش دەچێت.

***گەر پەیوەندییەكانی كورد و ئەمەریكا بەرەو خراپ بوون بچن و چیتر كوردەكان خۆیان بە هاوپەیمانی ئەمەریكا نەزانن، ئایا ئەمە چ ڕەنگدانەوەیەكی خراپی لەسەر سیاسەتی ئەمەریكا دەبێت لە عێراقدا؟**

پێویستە ئەمەریكا هاوسەنگی لە نێوان هەر سێ پێكهاتە سەرەكییەكەی عێراقدا بپارێزێت، لەبەر ئەوەی دابڕین و گۆشەگیركردنی هەر یەكێك لەو پێكهاتانە هەڵگری مەترسییە و دەرەئەنجامی خراپی لێدەكەوێتەوە.

## گشتی گۆشەنیگای ئەمەریكا ئەوەیە بۆچی هەر سێ لایەنە سیاسییە سەرەكییەكەی عێراق ناتوانن ئەو ڕاستییە قبووڵ بكەن كە پێویستە سازش بكەن

***پێتوایە كوردەكان ڕۆڵێكی ئیجابی دەبینن لە سەقامگیركردنی عێراقدا؟**

من ئاگاداری دوایین هەنگاو و كارەكانی كوردەكان نیم. بەڵام بەشێوەیەكی گشتی گۆشەنیگای ئەمەریكا ئەوەیە بۆچی هەر سێ لایەنە سیاسییە سەرەكییەكەی عێراق ناتوانن ئەو ڕاستییە قبووڵ بكەن كە پێویستە سازش بكەن. ڕای گشتی ئەمەریكا بە تەنها كوردەكان لەبەرچاو ناگرن نە بەشێوەیەكی ئیجابی و نە بەشێوەیەكی سلبی، ئەوان پرسیاری ئەوە دەكەن بۆچی ئەم سێ پێكهاتەیە ناتوانن سازش بكەن.

●●●

**ئەمەریكا باوەڕی بە سازشكردن هەیە كە ئەوە بەشێكە لە سیستمی سیاسی ئەمەریكا، واتە هەموو لایەك دەبێت دەست لە بەشێك لە داواكارییەكانیان هەڵبگرن**

●●●

●●●

**ڕای گشتی ئەمەریكا بە تەنها كوردەكان لەبەرچاو ناگرن پرسیاری ئەوە دەكەن بۆچی ئەم سێ پێكهاتەیە ناتوانن سازشبكەن**

●●●

**پرۆفیسۆر مستەفا ئەبو سۆیا لە زانکۆی قودس بۆ گوڵان:**

# ئێستا فەڵەستینییەکان لە کانتۆنی جیاوازدا دەژین ناتوانن دەوڵەتێک پێکبهێنن قابیلی ژیان بێت

**■ پرۆفیسۆر مستەفا ئەبو سۆیا ئوستادی فەلسەفەو دیراساتی ئیسلامییە لە زانکۆی قودس لە فەڵەستین و شارەزایە لە بواری کێشەی فەڵەستین و عێراق و پرۆسەی ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.**

**ئەبو سۆیا بە حوکمی ئەوەی کە هاووڵاتییەکی فەڵەستینییە لە نزیکەوە ئاگاداری وردەکارییەکانی پرۆسەکەیە سەبارەت بە بەرەوپێشەوەچوونی پرۆسەی ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست مستەفا ئەبو سۆیا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.■**

## نابێت گرنگی و بایەخی کێشەی فەڵەستین وامان لێبکات بارودۆخی خراپی عێراق و ئەفغانستانمان لەبیر ببەنەوە

***پرۆسەی ئاشتی نێوان عەرەب و ئسرائیل یاخود فەڵەستین و ئیسرائیل بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت بۆ هێنانەدی سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام سەرۆك بۆش لە هەردوو ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا بایەخی پێویستی بە سەرخستنی ئەم پرۆسەیە نەدا، هۆکاری ئەم خەمساردییەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

-وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵدەدات دڵ و عەقڵی جیهانی ئیسلامی بەدەستبهێنێت و درکی بەو راستییە کردووە کە ناتوانێت بێ چارەسەرکردنی کێشەی فەڵەستین ئەم ئامانجە بەدەستبهێنێت، کە بەشێکی بنەڕەتی لە هۆشیاری عەرەب و موسڵمانەکانی پێکهێناوە. ئەمەش لەبەر ئەوەی فەڵەستین بەشێکی بەرچاوی خاکە پیرۆزەکەیەو مزگەوتی ئەلئەقسای لە خۆگرتووە، هەردووکیان لە قورئاندا ئاماژەیان بۆکراوە و بەشێکن لە بیرو باوەڕی ئیسلامی. بۆ مەسیحییەکان، لە نێویاندا عەرەبە مەسیحییەکان، فەڵەستین ئەو شوێنەیە کە پەیامی حەزرەتی مەسیحی (درودی خوای لەسەر بێت) تێدابڵاوبووتەوە. نابێت گرنگی و بایەخی کێشەی فەڵەستین وامان لێبکات بارودۆخی خراپی عێراق و ئەفغانستانمان لەبیر ببەنەوە. پێویستە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سیاسەتێکی دەرەکی جیاوازتر بگرێتەبەر.

کێشەی فەڵەستین بەستراوە بە مێژێکی گفتوگۆی هەمیشەییەوە لە کاتێکدا بە پرۆسەیەکی لەسەرخۆ خاکەکەی زەوتدەکرێت.



***هەمیشەی پشتگیری و هاوکارییەکی نێودەوڵەتی هەبووە بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش و وڵاتە ئەوروپییەکان پێداگیری لەسەر سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە دەکەن. هۆی سەرنەکەوتنی ئەم پرۆسەیە چییە سەرەڕای ئەو پشتیوانی**

**و پێداگیریانە؟**

- یەکێك لە هۆکارەکان ئەوەیە کە ئەمە بە راستی «پرۆسەیە» هەنگاوگەلێکی روون و بەرچاو لە ئارادانین تاوەکو بیانگرینەبەر. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جگە لە چاودێریکردن و دەرکردنی بڕیارەکان کە هەندێ جار لە لایەن هەندێ لە ئەندامەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە رەتدەکرێنەوە هیچی دیکەی نەکردووە! پێدەچێت کێشەی فەڵەستین بەسترابێتەوە بە مێزێکی گفتوگۆی هەمیشەییەوە، لەکاتێکدا وڵاتەکە بە پرۆسەیەکی لەسەرخۆ زەوییەکانی زەوتدەکرێت لەلایەن ئیسرائیلەوە لە کەناری رۆژئاوادا، کە قودسی رۆژهەڵاتیش دەگرێتەوە. کردەوەکانی ئەم دواییە هیچ مانایەکی بۆ رێگاچارەی پێکهێنانی دوو دەوڵەت نەهێشتەوە، بەو پێیە بووە هۆی مایەی لەناوبردنی بیرۆکەی گفتوگۆکردنیش.

حەزدەکەم ئەوە بڵێم کە لاوازی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل، کە پشت بە باڵی راستڕەوی پارتەکانی هاوپەیمانێتی حکوومەت دەبەستێت ( ئەوانەی هەڕەشەی کشانەوە لە حکوومەتەکە دەکەن کە سەرۆك وەزیران بە کشانەوە لە قودسی رۆژهەڵات رازی بوو)، وایکردووە نەتوانێت پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ فەڵەستینییەکاندا بێنێتەدی. ئەوەی وەزیری پێشووی دەرەوەی ئیسرائیل گوتی کە فەڵەستینییەکان هیچ هەلێك لە دەست نادەن بۆ ئەوەی هەلی ئاشتی لە ناوبەرن بۆتە پاساوێك و ئیسرائیلییەکان پێگەی خۆیانی پێ بەهێز دەکەن.

***کاتێك باس لە کێشەی نێوان فەڵەستین و ئیسرائیل دەکەین، ئەمە کێشەی نێوان ئیسرائیل و هەندێ لە عەرەبەکانیش لە خۆدەگرێت. ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هیچ نەخشەیەکی رێگای هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە و گرفتانە؟**

**- چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ئیسرائیل و عەرەبەکان لە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەیە کە لەسەر بنەمای یاسای نێودەوڵەتی دەرکراون، کە کشانەوەی ئیسرائیل لەخۆدەگرێت لە زەوییەکانی عەرەب ئەوانەی لە ساڵی ١٩٦٧دا داگیریکردن.** بۆ نموونە، ئەم زەوییانە بەرزاییەکانی جۆلانی سوریا و کێڵگەکانی شەبعای لوبنانی لە خۆدەگرن. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادە نییە فشار بخاتەسەر ئیسرائیل لەبەر چەندین هۆکار وەك بوونی لوبییەکی جولەکەی بەهێز لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئیسرائیلدا.

## ئێستا فەڵەستینییەکان لە کانتۆنی جیاوازدا دەژین ئەوەندە ئاوێتە نین تاوەکو دەوڵەتێک پێک بێت قابیلی ژیان بێت

***وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئیسرائیل لەو باوەڕەدابوون کە سەرۆکی پێشووی فەڵەستین یاسر عەرەفات ئاستەنگ بوو لەبەردەم ئاشتیدا، بەڵام دوای مردنی دەرکەوت کە پەرۆشی ئاشتی بووە و بە مردنیشی پرۆسەی ئاشتی ئاڵۆز بووە. چۆن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ حەمماسدا ئەو پرۆسەیە درێژە پێدەدات؟**

- هەرگیز گرفتەکە رێکخراوی ئازادیخوازی فەڵەستینی یاخود سەرکردایەتی فەڵەستینی نەبووە. کێشەکە ئەوەیە دان بە مافەکانی فەڵەسەتینییەکاندا نانرێت. ئێستا فەڵەستینییەکان لە کانتۆنی جیاوازدا دەژین و ئەوەندە ئاوێتە نین تاوەکو دەوڵەتێکی فەڵەستینی پێك بێت کە قابیلی ژیان بێت. یاسر عەرەفات ئەو راستییەی زانی کە گەلی فەڵەستینی بەو چارەسەرانە رازی نابن، هەر بۆیە وەك پاڵەوانێك لە کامپ دێڤیدی دووەم گەڕایەوە.

## سوریا گەمەکارێکی سەرەکییە لە لوبناندا و لە دەستێوەردانیشدا بەردەوام دەبێت لە سیاسەتە ناوخۆییەکەیدا

***سوریا لایەنێکی دیکەی پرۆسەی ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، سوریا تەنها کێشەی لەگەڵ ئیسرائیلدا نییە بەڵکو خۆی بە خاوەنی لوبنان دەزانێت، چۆن دەکرێت کێشەی سوریا و ئیسرائیل و سوریا و لوبنان چارەسەربکرێت؟**

- سوریا گەمەکارێکی سەرەکییە لە لوبناندا و بەردەوام دەبێت لە دەستێوەردانی لە سیاسەتی ناوخۆیی لوبناندا، تەنانەت ئەگەر بەرزاییەکانی جۆلانیش بەدەستبهێنێتەوە.

## چارەسەرکردنی کێشەی عێراق کاریگەری لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت

***لە پرۆسەی ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، عێراق حاڵەتێکی تایبەتییە و لەگەڵ کێشەکانی نێوان ئیسرائیل و عەرەبدا گفتوگۆ ناکرێت. پێت وایە چارەسەرکردنی کێشەی ئیسرائیل و عەرەب هیچ رەنگدانەوەیەکی لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی عێراق دەبێت و بە پێچەوانەشەوە؟**

_ئەگەر چارەسەرکردنی کێشەی عێراق بە مانای هێنانەدی عێراقێکی یەکگرتوو و ئازاد بێت، ئەوا ئەمە کاریگەری لەسەر جیۆپۆلیتیکی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت. هەرچەندە ئەمە بە مانای ئەوە نایەت بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەردەبن.

## چارەسەرنەکردنی ناکۆکییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێزە ئیسلامی و عەلمانییەکان توندڕەوتر دەکات

***ئەگەر پرۆسەی ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرکەوتوو نەبوو: هەڵوێست و پێگەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چی دەبێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟ئایا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نابێتە بنکەی رادیکاڵییەتی ئیسلامی؟ ئایا ئەمەریکا پشتگیری لە وڵاتە دیکتاتۆرییەکان ناکات؟**

**-چارەسەرنەکردنی ناکۆکییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەرییەکی خراپی دەبێت لەسەر پێگە و بەرژەوەندییەکانی** وڵاتە یەکگرتووەکانی **ئەمەریکا**. پێویستە ئەمەریکا سیاسەتێکی دەرەکی جیاوازتر بگرێتەبەر بە چەشنێك بەرژەوەندییەکانی خەڵکانی عەرەب و موسڵمانەکان لە خۆبگرێت لە ناوچەکەدا. درێژەکێشانی ناکۆکییەکان پتر هێزە ئیسلامی و عەلمانییەکان توندڕەوتر دەکات. ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ناسەقامگیری ناوچەکە و ناکۆکی ناوخۆیی دیکە دەخوڵقێنێت.

●●●

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جگە لە چاودێریکردن و دەرکردنی بڕیارەکان کە هەندێ جار لە لایەن هەندێ لە ئەندامەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە رەتدەکرێنەوە هیچی دیکەی نەکردووە!**

●●●

●●●

**کردەوەکانی ئەم دواییە هیچ مانایەکی بۆ رێگاچارەی پێکهێنانی دوو دەوڵەت نەهێشتەوە، بەو پێیە بووە هۆی مایەی لەناوبردنی بیرۆکەی گفتوگۆکردنیش**

●●●

●●●

**ئێستا فەڵەستینییەکان لە کانتۆنی جیاوازدا دەژین و ئەوەندە ئاوێتە نین تاوەکو دەوڵەتێکی فەڵەستینی پێک بێت کە قابیلی ژیان بێت**

●●●



ئافرەتێک:
ئەگەر قسەمان بکردبووایە مدیر ناحیە لێی دەداین

## دارەتوو لە گرفتی زیادەڕۆیی ئاڵاوە

# بۆ پلانی لە دیزاینی پرۆژەکان دەبێ هاووڵاتیان زەرەرمەندبن؟

لەوەتەی دارەتوو کراوەتە ناحیە، هەمیشە گرفتی ئاڵۆز و ئاڵۆزتری بەخۆیەوە دیوە و زۆر جاریش دەنگی نارەزایی خەڵکەکە بەرزبووەتەوە، بەڵام بە پێی پێویست ئەو ناحیەیە ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، لە کاتێکدا تا دێت سنووری شارەوانی پایتەخت لێی نزیك و نزیکتر دەبێتەوە، کەچی خەڵك ناچار دەبن زیادەڕۆیی بکەن بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بە ژیان بدەن، زەوی دابەش دەکرێ، بەڵام ئەوانەی بێ جێگەو بێ پەناگەن فەرامۆش دەکرێن، زیادەڕۆییش دەکەن، بێ هیچ ئەملاو ئەملایەك خانووەکانیان تەخت دەکرێن، ئەوەی سەیری لیستی ئەو ناوانە بکات کە بەناوی کرێچێتییەوە زەویان وەرگرت یا باشتر بڵێین لە یەك ماڵدا چەندین پارچە زەوییان وەرگرت هیچ کرێچیش نەبوون و ئەلحەمدولیلاە هەژارو دەستکورتیش نەبوون، کەچی کەس نەبوو لە ژیانی هەژارەکان بکۆڵێتەوە، بەداخەوە هەر بەڕێوەبەرێکی ئەم ناحیەیە دێت بە کۆمەڵێك گرفت و بە بارێکی زۆر دژواردا دەگوازرێتەوە، ئێستا دارەتوو بەڕێوەبەرێکی هەیە، مامەڵەکردنی لەگەڵ خەڵك بە هیچ جۆرێك لە رەفتارو مامەڵەی بەڕێوەبەرێك ناچێت، خەڵکی دارەتوو زیاتر وەك مولازمێکی سەربازی دەیشوبهێنن، کردارو گوفتاری ئەم بەڕێوەبەرە، ئەوەندە رەق و توندە، (١٠) ساڵ بگیرێی باشترە لەوەی کە ئیهانەت بکات، ئاخر خەڵك خاوەنی عیززەت و کەرامەتی خۆیانن. خەڵکی دارەتوو دەیانوت سەیرە ئەم بەڕێوەبەرە وادەزانێ خەڵکی ئێرە- دارەتوو- خاوەن ویژدان و کرامەتی خۆیان نین، ئەم قسانەی ئەو بە خەڵکی دەڵێت ئێمە شەرم دەکەین بۆتانی باس بکەین، ترسی خەڵکەکە لە بەرامبەر بەڕێوەبەری ناحیە گەیشتبووە رادەیەك تەنانەت دەپاڕانەوە کە بە هیچ شێوەیەك ناویان نەهێنرێت لە رۆژنامە، لەبەر سزای جەنابی بەڕێوەبەر!!.

راستە ناحیەی دارەتوو لەماوەی چەند ساڵی رابردوو وردە

دوکاندارێک:
شارەوانی خۆی لەم دوکانانە هێڵی بۆ راکێشاین، ئێستاش لێمان تێکدەدەن



وردە گەورە بووە و بەرفراوانی لە ڕووی نیشتەجێبوون و ژمارەی دانیشتوان بە خۆوە دیتوە، لە ڕووی کارە خزمەتگوزاریەکانیشەوە هەندێ خزمەتگوزاری کراوە، بەڵام گرفتێکی تر لەو ناحیەیە ئەوەیە، هەمیشە بەڕێوەبەرەکانی دارەتوو جیاوازی زۆر لە نێوان خەڵکەکە دەکەن، جارێ ئەوەی کەمێك مەسئولیەتی هەبێت ئەوە جیاوازی لەگەڵ خەڵکی هەژارو نەدارەکە ئاسمان و ڕێسمانە بە تایبەتی لە ڕێگاپێدان، یان تێکدانی خانووی زێدەڕۆ،لەوانەش کارەساتتر بێ بەرنامەیی و بێ پلانی لە جێبەجێکردنی پرۆژەکان، تەنانەت ئەو دوکانانە بە شێوەیەکی فەرمی درابووە خاوەنەکانیان، کەچی وەك لە وێنەکەشدا دەبینین ڕووبەڕووی تێکدان بوونەتەوە، ئەو نەخۆشخانەیەی کە بەرلەوەی بگەیتە دارەتوو لە سەر شەقامی سەرەکی دروستکراوە و هێشتا نەکراوەتەوە، بەڵام تەواو بووە، بە هەمان شێوەی دوکانەکان ڕێك کەوتۆتە سەر شەقام و تەواو سەقەت بووە، ئەمانەو چەندین گرفتی تر هەن کە وایان کردووە خەڵکی دارەتوو تەواو بێزاری بە سیمایانەوە دیاربێت .

لە سەردانمان بۆ هەندێ شوێنی دارەتوو پێیان ڕاگەیاندین بەڕێوەبەری ناحیە ئەوەندە توندە لەگەڵ خەڵکەکە تەنانەت لە یەکێك لە شوێنەکان کورێکی گرتووەو برایەکی ئەم کوڕەش دێتە وەڵام و دەبێتە دەمەقاڵێ لەگەڵ بەڕێوەبەری ناحیە(بەپێی قسەکانی ئەم هاووڵاتییە هەرچەندە ناوی خۆی نەدرکاندو حەزیشی نەدەکرد لە مبارەوە قسەبکات)لە ئەنجامدا بەڕێوەبەری ناحیەی شەقازللەیەکی لە هاوڵاتییەکە دابوو.

هەر لە هەمان گەڕەك **خاوەن ماڵێك بە ناوی (شوکریە ڕەزا) گوتی:** ماوەیەك بەر لە ئێستا ژوورێکمان لەناو حەوشەی خۆمان(لە تەنیشتمانەوە) دروست کرد لێیان تێکداین، بەڵام ئێمە منداڵمان زۆرە لە ژوورەکانی خۆمان جێگامان نابێتەوە بۆیە باوکی منداڵان لە لایەنێك نووسراوێکی هێناو دوو ژووری لە هەمان شوێن دروست کرد، کە پتر لە پێنج هەزار دۆلاری تێدا خەرجکرد گەرچی لەم ماوەیەدا بەڕێوەبەری ناحیە هات و هاوسەرەکەی دەستگیر کردم و بە شۆفڵ ژوورەکانی تێکدا، ئەوەی پتر نیگەرانی کردووین ئەوە بوو کە بەڕێوەبەری ناحیە پەلاماری کچەکانی دەدام دەیویست لێیان بدات، بەڵام ئێمە قسەمان نەکرد لەمبارەوە ئەوەتە دراوسێیەکانمان شاهێدن لێرەدا داواکارین حکومەتی کوردستان قەرەبوومان بکات، ئەو پارەیەی خەرجمان کردووە بۆمان بگێڕنەوە، چونکە ئێمە لە چینی هەژارین و منداڵمان بچوکن و دەخوێنن.

**بەڕێوەبەری ناحیە پەلاماری کچەکانی دەدام دەیویست لێیان بدات، دراوسێیەکانمان شاهێدن**

**هەروەها سەردانی ڕیزە دوکانێکمان کرد کە هەر هەموو ژمارە کرابوو بە مەبەستی ئەوەی ئەم دوکانانە بەشێکی بەر شەقام دەکەوێت یاخود دەبێ چەند مەترێك بکشێنەوە، مامۆستا یونس ناسیح گوتی:** لەگەڵ پلانی نوێ و دروستکردنی ئەم شەقامە ئەم دوکانانە بە پێی گوتەو سەیرکردنی ئەندازیاران دەبێ هەریەکەی چەند مەترێك ببڕێت و بکشێنەوە دوواوە، ئەمەش مانای وایە دوکانەکان دەبێ تێکدرێت سەر لە نوێ دروست بکرێتەوە، چونکە هەندێ لە دوکانەکان زۆری دەبڕێت و لە دواوەش شوێنی نییە بکشێتەوە، لەسەرەتادا گوتیان تا ڕەقەم(٧)لە دوکانەکان پێویستی بە بڕینەوە نییە، گەرچی ئێستا دەڵێن نەخشەی شەقام و شوێنەکە تەسمیمی تری بۆ دەکرێت هەر هەمووی دەبێ بکشێتەوە بەمەش زەرەرو زیانێکی زۆر بە ئێمە و خاوەن دوکانەکان دەگات، باشە دوو ساڵ پێش ئێستا ئەم دوکانانە بە شێوەیەکی نارێك لە خشت و قوڕ دروستکرابوو بە بڕیاری شارەوانی لەم شوێنە دوکانەکانمان تێکداو بە شێوەیەکی جوان و بە پێی ئەندازەیی دروستمان کردووە کە هەر یەکمان بڕە پارەیەکی باشمان تێدا خەرج کرد بۆچی ئەو کات پێیان نەگوتین ئەوە بەبەر شەقام دەکەوێت.

لە ڕاستیدا شەقامەکە زیاد لە پێویست هاتۆتە پێش.

**هەروەها مامۆستا یونس گوتی:** ئەگەر بەو سێ مەترەی دابڕاوات لە دارەتوو پتر لە(٢٠) شوێن لە دوکان و گەڕەك دەبێ بکشێنەوە گەرچی ئێستا باس و خواس تەنیا لەسەر ئەم ڕیزە دوکانە هەیە، ئێمە بەلایەنی بەرپرسمان ڕاگەیاندووە کە هەر هەموومان ئامادەین چەند مەترێك (١تا٢)مەتر لە دوکانەکان ببڕین، گەرچی ئەوان دەڵێن گەرتێکیبدەن جوانتر دروست دەکرێتەوە، بۆیە من و ئەوانی تریش دەڵێین تێکدانی دوکانەکان زەرەرگەیاندنە بە ئێمەو خێزانەکانمان و دوکاندارەکان زۆر نارازیشن، ئەم دوکانانە (٤١)دوکانین و بۆ چارەسەر کردنی ئەم گرفتەش دووجار لەگەڵ بەرێز بەڕێوەبەری ناحیە دانیشتووین بۆ ئەوەی بگەینە چارەسەرێك لە بەرژەوەندی خەڵکەکە جارێکیان گەیشتینە ئەو بڕوایە ئەگەر دوکانەکان ببڕێت و بدرێتە بەڵێندەرێك بە دیزاینێکی جوان چاکی بکات گەرچی تا ئێستا یەك لای نەکراوەتەوە.



**دوو ساڵ پێش ئێستا ئەم دوکانانە بە شێوەیەکی دروستکرابوو بە بڕیاری شارەوانی لەم شوێنە دوکانەکانمان تێکداو بە شێوەیەکی جوان و بە پێی ئەندازەیی دروستمان کردووە کە هەر یەکمان بڕە پارەیەکی باشمان تێدا خەرج کرد بۆچی ئەو کات پێیان نەگوتین ئەوە بەبەر شەقام دەکەوێت**

**هەروەها هانا حەمید خاوەنی سەرتاشخانەی جیهان گوتی:**

چەندین ساڵە لایەنی بەرپرسی ناحیە دێن ئاگادارمان دەکەنەوە کە ئەم دوکانانە لە پێشەوەیە دەبێ بکشێنەوە یاخود تێکبدرێت بۆ خاتری شەقامەکەی بەردەمان.

ئێمە هەر هەموو خاوەن دوکانەکان کە ژمارەیان(٤١)دوکانە هەژار و کەمدەرامەتین توانای ئەوەمان نییە جارێکی دیکەش دوکانەکانمان بروخێنین و هەریەکەی چوار تا پێنج ملیۆن دیناری تری تێدا خەرج بکەین، باشە کاتی خۆی شارەوانی خۆی لەم شوێنە خەتی بۆ راکێشاین و دوکانەکانمان دروستکردۆتەوە کەواتە پلاندانان نییە بۆ ئەم زەرەرە لە ئێمە دەدەن، ئەم دوکانانە و زۆربەی دوکانەکانی دارەتوو بە زێدەڕۆیی دروستکراوە گەر بە لابردنی زێدەڕۆیی هەستن دەبێ زۆربەی دوکانەکانی دارەتوو و پتر لە هەزار خانووش تێکبدرێت، لەلایەکی تر ئەگەر سەیری بینایەی بنکەی تەندروستی تازەکە بکەین کە لە دەروازەی دارەتوو دروستکراوە یەکسەر کەوتۆتە سەر شەقامەکە ئەمەش بێ پلان و خراپی کارەکانیانە تاوانی ئێمە چییە بۆ بژێوی ژیانێکی هەژارانە ماوە ماوە دوکان و شوێنەکانمان بڕوخێت و بڕە پارەیەکی تێدا خەرج بکەینەوە. باشە دوکانەکان چۆن ببەینە دواوە شوێن لە کوێندەر هەیە،

مەبەستی راستەقینەیان ئەوەیە لێمان تێکبدەن خوا دەزانێ کامە شوێن دیاری دەکەن بۆ ئەوەی دوکانی لەسەر حیسابی خۆمان دووبارە دروست بکەینەوە.

لەلایەکی ترەوە دوکان لەمەتێکدەدەن گەرچی خەڵکی دەستڕۆیشت و بەرپرس بە ئارەزووی خۆی خانوو و دوکان دروست دەکەن و هەندێ دوکان و خانوو بە زێدەڕۆیی دروست دەکرێت بۆی هەیە لایەنی بەرپرس لەگەڵیان هاوبەش بن، گەرچی دەبێ ئەوەش بڵێین چەند مانگێکە زێدەڕۆیی کەمتر بووە لە جاران.

**هەروەها جاسم محەمەد گوتی:** من لەگەڵ ئەوە نیم ئەو دوکانانە تێکبدرێت چونکە خەڵکەکە زەرەرێکی گەورە دەکەن ئەوان دەڵێن(لایەنی بەرپرس)ئێمە سێ مەترمان دەوێت گەرچی بەردەمی دوکان هەیە چوار تا پێنج مەتری هەیە ئەمە بۆ شەقامەکە و شۆستەکە بەسە گەرچی ئەوان هەر دەیانەوێت دوکانەکان بکشێتەوە بە درێژایی ئەم ڕیزە دوکانەی دواوەش شوێن نییە کەواتە دەبێ دوکانەکان بروخێت و بگوازرێتەوە ئەمەش زۆر ناهەقیە بەرامبەر بە ئێمە دەکرێت.

لە کاتی رووخاندنی ئەو ڕیزە دوکانەی کە ڕیزبەند کرابوو نزیکەی (٤٨) دوکان دەبوو خاوەن دوکانەکان بەگشتی نارازی بوون و گلەیان لەلایەنی بەرپرسی دارەتوو دەکرد یەکێك لە هاووڵاتییەکان **بەناوی عزەدین خدر گوتی:** تێکدانی ئەم دوکانانە زیان گەیاندنە بە خاوەن و کاسبکارەکان و قەرەبووکردنەوەشی لەگەڵدا نییە، بۆیە هەر کەسە لەلای خۆی خەریکی تێکدان و رووخانی دوکانەکانن، چونکە بەم شێوە



●●●

**کاتی خۆی شارەوانی خۆی لەم شوێنە خەتی بۆ راکێشاین و دوکانەکانمان دروستکردۆتەوە کەواتە پلاندانان نییە بۆ ئەم زەرەرە لە ئێمە دەدەن**

●●●

بلۆك و شیش و هەندێ لە کەرستەکانی تێدا بەکار دەهێنینەوە، ئەگەر وانەکەین بە شۆفەل لێمان دەروخێنن و خاپوری دەکەن و دەسەڵاتیشمان نییە و بڕیارە چەند مەترێك لە دواوەی دوکانەکان سەر لە نوێ لەسەر حیسابی خۆمان دوکانمان، دروست بکەنەوە لە کاتی دروست کردنەوەی دوکانەکانیش دڵنیام چەندین دوکانی تربش دروست دەکەن بۆ خەڵکانی خۆیان و خزمی بەرپرسان، واتە خەڵکانی لابەلاش تێدا سوودمەند دەکەن، لە راستیشدا ئەم دوکانانە مەترونیوێك تا دوو مەتر لە شەقام کە دوورە هیچ کاریگەری لەسەر شەقام نییە، بەڵام لایەنی بەرپرس لە دارەتوو هەر دەیەوێت تێکبدرێت، دووبارە دەڵێم دەسەڵاتمان نییە دەنا قبوڵی ناکەین. هەروەها یوسف عەلی گوتی: من دوو دوکانم هەیە لە کاتی خۆی نزیکەی (٧) ملیۆن دینارم لێی خەرج کردوە گەرچی ئێستا دەڵێن دەبێ چەند مەترێك بکشێتەوە بۆیە خۆم وا خەریکم دوکانێکیان بەتەواوی دەبڕمەوە ئەم دوکانانەی من لە تاپۆش موڵکە، کەچی هەر دەڵێن دەبێ بڕوخێنی بۆ نەخشەی شەقام و شارۆچکەکە سوودی گشتی هەیە، ئەگەر بە زێدەڕۆی و ناڕێکی ناحیەی دارەتوو بڕۆن سەرتاپای شارەکە دەبێ بڕوخێت و سەر لەنوێ دروست بکرێتەوە، لەلایەکی دیکە ئەو بنکەی تەندروستی کە تازە دروستکراوە زۆر لەو دوکانانە لە شەقامەکە نزیکترە خۆ دیارە تازەش دروستکراوە.

**هەروەها مامۆستا جەلال محیەدین گوتی:** لە کاتی خۆی لەوبەر شەقامەکە دوو دوکانم کڕی بە قوڕ دروستکرابوو لە پاشان بۆ جوانکاری شوێنەکە بڕیاردرا بگوازیتەوە ئەم شوێنە لەجیاتی هەردوو دوکان یەك دوکانم دروستکرد ئێستاش دەڵێن لە شەقامەکە نزیکە دەبێ بڕوخێت لەگەڵ ئەم رووخانەش هەر هەموو لایەکمان لە خاوەن دوکان و کرێچی و کاسبکارەکان زەرەر دەکەین و ماوەیەك بێ کاروکاسبی دەبین، بڕیاریشە و دەسەڵات نییە هەر دەبێ بڕوخێنن.

**هاووڵاتییەکی تر کە لەبەردەم دوکانە رووخێنراوەکان وەستا بوو بە ئێمەی دەوت** لە بەڕێوەبەری ناحیە بپرسن بۆچی بۆ هەندێ کەس خانووی تەجاوز دەبێت بڕووخێنرێت و بۆ هەندێ کەسیش حەڵاڵە، لەکاتێکدا بۆ کەسە حەڵاڵەکان شوێنی خانووەکانیان زۆر زۆر گرنگترە.

●●●

**ئەم دوکانانەی من لە تاپۆش موڵکە، کەچی هەر دەڵێن دەبێ بڕوخێنی**

●●●



●●●

**لە کاتی دروست کردنەوەی دوکانەکانیش دڵنیام چەندین دوکانی تربش دروست دەکەن بۆ خەڵکانی خۆیان و خزمی بەرپرسان**

●●●